لە ڕووی واقعەوە ئیتر تۆ چۆن دەتوانی بڵێ ی ئیسلام یەک ملیارونیوە یا داهاتووش بە ئیسلام دەبێت بە هەموو پەوانیەک ئەمە ڕاست نیە .
ئەوەی کەناڵی ڕووداو باسی دەکا کە ئایینەدە بە ئیسلامە یا میدیایەکی تر دەیڵێت بە هەر ئاینەکی ترێ ، لە ئاستی پروپاگەندەی سیستەمیسەرمایەداری بە گەرم کردنی بازاڕی خۆی هیچی تر نیە بە بۆای من . وەک مەنسوری حیکمەت دەڵێت ئایینەدەی ئایینەکان وای لە دە خاڵکوەک جەک ونوکتە باسیان دەکا یا وەکو ئەفسانەی دەو و خوەکانی لە دەڵت . هەر ئەستاش ئەم ڕاستیە دەبینرێ لە ناو

کۆمەڵانەکی زۆرینەکی جیهاندا .
ئەوەی ڕاستیە زەمینە ماددیەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆ بە بەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان ئامادەیە ئەگەر پراکتیک ولایەنی هۆشیاری مرۆڤ ئامادە بکرێ بۆی . زەمینەی ماددی بۆ شۆڕشیکی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی ئامادەیە .

سەردار عەبدوڵا حەمە
١٢/٢/٢٠٢٠

ئازادی بیر وڕا بە مەرجی نەبەزاندنی سنوری پیرۆزیەکان ! … سەردار عەبدوڵا حەمە

پێت دەڵێ تۆ ئازادی لە دربڕینی بیرو ڕای خۆت بە ڕام بەو مەرجەی لە سنوری خۆت دەر نەرچیت هەرش نەکەیتە سەر پیرۆزیەکان ، بە ڕای من ئەو مەرجە یەکسانە بەوەی کە تۆ ئازاد نیت ئیتر ئازادی دەبڕێتە درێیەکی گەورە ئیتر ئازادی دەبڕێتە سەر کوت ودەم کوت ئەگەر ئەو شتانەی لای تۆی دەسەڵاتدار و فەرمانە گرووپ و تاقم پیرۆزە لای من پیرۆز نیە هەقی خۆمە ڕای خۆم بدەم لە سەریان . هەموو دەسەڵاتە فاشیە دیکتاتۆرەکان هەمان ئیدیعا دەکەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین مەرجیان داناوە بۆ ئەم ئازادیە مەرجی وەك گەل ، نیشتمان ،ئاڵا، سروود، دین ، مەزهەب ،سەرۆك ، سەرکردە ،ئیمام ، عەقیدەی زۆربەی خەڵك..هتد ئەگەر تۆ ڕەخنەت لە مانە هەبوو ئیتر تۆ لە سنوور لاتداوە مەرجە کەت جێ بەجێ نەکردووە بۆیە تۆ مەحکومی جا حوکمە کە یا دسەڵاتەکە دەیدا بە سەرتا یا خەلکێك کە لایەنداری ئەم مەرجەیە .

لە کاتێکا ئازادی دەتوانێ مانای هەبێ کە هەموو کەس بتوانێ بیرورای خۆی بە ئازادنە دەربڕێت وە هیچ سنورێکی بۆ دیاری نەکرێ لە ژێر ناوی سووکایەتی بە پیرۆزیەکانی خەڵك و بریندارکردنی شعوری خەڵك. ، ئازادی هیچ مانایەکی نابێت کاتێ بێت دیاری بکەن تۆ نابێ لە سەر فلانە ئایین و مەزهەب یا فلان حیزب وسەرکردە کەی یا فلان پیرۆزی ڕەخنە بگری ، .ڕەخنە ئەگەر زۆر یە تووندیش ڕی هێشتا نابێ

سنوری بۆ دانرێ بۆچی ؟ چونکه ئەو کەسه ی که ڕەخنەکەی هەیه بۆی هەیه له سەر هەق بێ یا له سەر ناهەق لەوانه یه پرسیارییشی هەبێ بۆیه دەبێ وەڵام وەرگرێت بیسەلمێنه بۆی که تۆ له سەر هەقیت نەك سەرکوتی بکەی ،یا تیرۆر ی بکەی یا هەڕەشەی لێ بکەی ،یا تەمێی بکەێ بەوناوەی سووکایەتی کردەوه ، کەسێك ڕەخنه ئەگرێ گومانی هەیه دەکرێ ئەو گومانەی نەهێڵێت ڕێگای لەیەك تێگەیشتن بگرە بەر .

له کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئەوە بووەته دەسکه وتی کۆمەڵگا که هیچ کەس نابێت سنوری بۆ دابنرێ بۆ دەربڕینی بیرو ڕای خێی تەنانەت تا ئاستێکی زۆر تونديش ڕەخنه بگرە کەس پێت نالێ : بوەستە و سنوری خێت بەزاند و سووکایەتیت کرد ئەمە یەکێکە له دەسکەوته گەورەکانی ڕێنسانس که له ٥٠٠ ساڵی ڕابوردووەوە دەستی پێ کردووە دەنا پێش ئەو سەردەمە کۆمەڵگاکانی ئەوروپاش له ژێر کاریگەری کلیساو مەسیحیەتدا بووە مەرج و سنور بۆ دەربڕینی بیرۆڕا دیاری کراوە .

لەو سەردمە دا چەندین زاناو بلیمەت کەوتوونەته بەر هەڕەشه هەندێکیان وازیان له فیکری خۆیان هێناوە وەك(بریخت)باسی گالیلێ دەکات کاتێ تەلیسکۆپی داهێنا سەیری ئەستێرەکانی پێ دەکرد ووتیان دەبێ له سێدار بدرێ چونکه سنوری بەزاندووە دەیەوەێ خواوعیسا بە درێ بخاته وە بۆیه پەشیمان بویەوە له کارەکەی . کەچی ئێستا زانست و تەکنۆلجیا ڕاست ودروستی کارەکەی گالیلێی بە هەزاران قات سەلماندوە ، پاشان له بەر ئەم هۆکاری سەرکوتەی کلیسا ،ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان جموجۆلیان کردو دەسەڵاتی کلیسایان نەهێشت به سەر کۆمەڵگاوە مەودا بۆ ئازادی ڕادەربڕین فراوان بوویەوە . بەڵام کۆمەڵگای ئێمە به تایبەت کۆمەلگای عێراق و کوردستان به داخەوە ئێستا لەم قۆناخەی ئەوروپای پێش ٥٠٠ ساڵە ، بۆیە دەڵێم به تایبەتی عێراق وکوردستان چونکه هەندێ ووڵاتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ئەم قۆناخەیان تا ڕادەیەك بۆیوە بۆ نمونه له دوای بەهاری عەرەبی چەند ووڵاتێکی وەك تونس ومیسر له سوریاش بەشی کوردستانی ڕۆژئاوا مەودای ئازادی تیایاندا فراوانتر بوویەوە خەڵك دەتوانێ ڕەخنه له هەموو شت بگرێی چەندین کەناڵی تەلفزیۆنی و سۆشیال میدیا هەن که ڕەخنه له پیرۆزیەکانیش دەگرن .

ئەگەر ئەوە راست ومەنتیق بێت له هەر کۆمەلگایەك زۆربەی خەڵکەکەی سەر به کام ڕەوتی سیاسی و هەڵگری کام عەقیدە بن دەبێ شعوری ئەو خەڵکە بریندار نەکرێ نابێت هیچ کەس ڕەخنه بگرێ له پیرۆزیەکانی ئەو خەڵکە ڕاو بۆچوونی خێی دەربڕی ؟! ، هەر له سەر ر ئەم مەنتیقە

ئەو کاتە ئەم مافەش بە کۆمەڵگاکانی تر بدرێت کە زۆربەی خەڵکەکەی کە وەك تۆ نین زۆربەشن تۆ کە کە مایە یتیت بێت نیە نابێ تۆش بیرورای خۆت دەربڕی و شعوری ئەوان بریندار بکەیت چونکە دەبێتە دژایەتی کردنی پیرۆزیەکانی کۆمەڵگاکەی ئەوان بۆ نموونە لە سریلانکا بودایی عەقیدەی زۆربەی خەلکەکە یەتی موسڵمانەکان لەوێ کە مایەتین ئیادەکرێ موسڵمانەکان هەخنەیان نە بێت لە سە دینی بودا‌ی ؟وە ئەگەر هەخنەیان گرت بیانکوژن یا سزایان بدەن ؟ یازیندانیان بکەن؟ هەر وەك ئێستا دەیبینین . لە ووڵاتی چیك لە%٩١ ی گەنجەکان باەیان بە دین نیە لە چین لە %٨٨ ی خەلك باوەیان بە دین نیە لە سوید لە%٨٠ی خەلك ولە بەرتانیا لە %٧٠ ی خەلك باوەیان بە دین نیە کە ئەمانە زۆربەن ئایا راستە ئەگەر مەسیحیەکان یا جولەکەکان یا موسڵمانەکان رەخەنی خۆیان نەبێ لە بۆ دینەکان وقسەی خۆیان نەکەن نەوەکا سنوی پیرۆزیەکان ببڕن؟ دواتر بیانکوژن یا هەڕەشەیان لێ بکەن وتەمێیان بکەن وسزایان بدەن ؟ ئایا دەکرێ لە ووڵاتێکی وەك کەنەدا کە ێژەی ئیسلام تێیدا ل%٤ موسڵمانەکان قسەی خۆیان نەبێت لە سەر کریستیان کە لە %٥٥ و یا لە سەر بۆ دینەکان کە ژەیان لە%٢٦ ؟

.. یا کاتێك بەهایەکان و زەردەشتیەکان وکۆمۆنیستەکان لە ئێران کە کە مایەتین نابێ ئازاد بن چونکە ئەوانە سووکایەتی بە عەقیدەی زۆربەی خەلك دەکە ن لە روانگەی ئیسلامی دەسەڵاتداری ئەو ووڵاتەوە . ئەم عەقلە بۆ شیعەکانی باشوری عێراق بۆ ناسیونالیستەکانی کوردساتانیش نامنتیقیە کە نابیت ئینسان ئازاد بێت لە دەربڕینی رای خۆیدا چونکە سوکایەتی کردنە بە عەقیدەی زۆربە ی خەلك بەای ئەوان .

لە کۆتایدا دەڵم هیچ لایەنەك وکەسك بۆی نیە سنوور بۆ ئازادی ادەربڕین دیاری بکات لە ژێر ناوی بەزاندنی سنوری پیرۆزیەکان . ئەم مافە لە بەرنامەی جاڵدانی گەردوونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا هاتووە کە ئازادی ادەبڕین سنوری نیە مافی هەرکەسە ئازادانە اوبۆچوونی خۆی دەر بڕێت ئەوە بە هیچ جۆرەك سووکایەتی نیە بە لکو بیرو رایەکی پێچەوانەیە گەر هەخنە بگری لە رەوتێکی سیاسی دینی کۆمەایەتی تر بۆ من تەنها یەك جۆر سووکایەتی هەیە ئەویش هەڵکوتانە سەر ژیانی تاکە کەس وشکاندنی کەرامەتی ئینسانی تاکی کۆمەلگایە ، سووکایەتی ئەوەیە کە ڕگا نەدەی خەلکی جیاواز بیر بکاتەوە حوکمی مژووش وایە کە کەس ناتوانێ ڕگا بگرێ لە هەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەلگا بەرەو کۆمەلگایەکی ئازاد

وەدەرن بەنام دەبێ بە پراکتیکی پشتەوانی ئەم مەیدانە بەدی هاتنی ئەم ئامانجە خێراتر بکرێ.

سەردار عەبدولا حەمە
٢٦ /٥/ ٢٠١٩

چاوێك بە ئایینەكانی جیهاندا بگێڕن … ئەحمەد شاملێ

وەرگێڕانی لە فارسیەوە : سەردار عەبدوڵا حەمە

باوەڕ بوون وئیمانداری بە ئایینەکان و مەزهەبکان هەر لە بت پەرستیەوە دەست پێ بکەین تا ئایینی موسا و بودائی وئایینی زەردەشت ومەسیحی و چی وچی هەمیشە وەك سندوقێکی داخراو لە باوانەوە بۆ نەوەکان بە شێوەی میرات بەجێ ماوە و. گوازراوەتەوە بە باوەڕێکی نزیك لە هەموو دەمم ئەمە هەموومان کە لە ژێر ئەم سەقفەدا کۆبوونەتەوەوە ئەگەر مەزهەبمان هەبێت سەر بەمەزهەبێکین کە باوانمان بە ئەمەیان بەخشیوە. لێرەدا تەنها قسە لە سەر مەزهەبە نەك ئایین، ئایین سەرچاوەی یەکەم ئ وئەسڵیە. ئایین بە بەگەی جێراوجێر لە هەندێك کاتەکانی مێژوودا تووشی لێکترازان وپارچە پارچە بوون بووە مەزهەبی جێراوجێری لێ پەدا بووە بۆ خزمەتی سەربەخۆ کاریان کردووە . گوایا ئاینی ئیسلام حەفتاوچەند مەزهەب ولق وپۆپی لێ دروست بووە کە تا بە ئەمڕۆ بە سەدو چل دانە گەیشتووە هەر مەزهەبەکەش بۆ خۆی کەمەڕێك زانای ئاینی وموفەسیری خۆی هەیە .
زانا ئاینی وموفسیرەکانی هەر مەزهەبێك پێان وایە تەنها مەزهەبەکەی خۆیان ڕاستە وهەق بە ئەوە و ئایین ومەزهەبەکانی تر کافرن وهەڵەی زۆریان هەیە. تا ئێرە قەیناکا چونکە ئەگەر باوەڕێکی لەم جۆرەیان نەبێت دەبوو بچوونایە ئایینێکی تریان بۆ خۆیان هەڵبژاردایە.

ئێستا با بۆ تاوێك مەزهەبەکانی جیهان وشەونا‌کێکیان لە سەر کافر بوونی یەکتر بخەینە لاوە با خۆمان لە دووڕەوە ولە دەرەوی ئەوان

چاوپیاخشاندنێك له سەرەوەیان بكەین :
مەسیحی لەگەڵ(كاتۆلیك و پرۆتستانت وئنجیلی وكواكر وگریگۆری وئەرتەدۆكس) هیچ ناكۆكیەكیان نیە جگە لەوەی كە ئەمانە بە جەنگی ناوخۆیی خۆیانەوە خەریكن .
موسلمان لەگەڵ (سونەو شیعەوحەنەفی وحەنبەلی مەزهەبەكانی تری) هیچ ناكۆكیەكیان نیە
بودایی لەگەڵ (شینتۆ و كیفۆسیوسی ودائۆیی) هیچ ناكۆكیەكیان نیە هەموو ئەمانە بە زەردەشتی ومیهری ومانوی وبتپەرست وخۆر پەرست وئاگر پەرست وشەیتان پەرست وگا پەرست وجولەكە ….هەموو ئەمانە پێیان وایە مەزهەبەكەی خۆیان ڕاستەو لە سەرهەقە.

باشە ئەگەر بچین لە سەروەوە تێیان بگوانین بە ئێمە پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش خۆ ناكرێ هەموو ئەمانە لە سەر هەق بن ئایا بەحوكمی عەقل دەكرێ یەكێ لەمانە لەسەر هەق بێت؟ مەبەستی من ئەوەیە یەك نموونە باس بكەم كە بە گفت وگۆ نیە .من لەو پلەوئاستەدا نیم كە حوكم بدەم ئەم مەزهەب ڕاستە ئەوی تر ڕەد بكەمەوە بەڵام من ئەتوانم ئەوە بڵێم كە بەپێی ئیدعای ڕابەری ئایینی بودائیك كە دەڵێت دینەكەی من لە سەر هەقە ئەتوانم بڵێم نەخێر ڕاست نیە هەرگیز چونكە بەیەگ بەگەی سادە پێی ئەڵێم تۆ دینەكەن بە میرات وەرگرتوە نەك بە لۆجیك وبە هەڵبژاردنی خۆت وئارەزووی خۆت بۆیە هیچ شتێكی پێ نیە بیسلمێنێ كە ئیدیعاكەی ڕاستە بودایی بوونەكەی بە میرات بۆ هاتووە بۆیە بەگەكەی لاوازە كە دەڵێت دینەكەی من ڕاستە ولە سەر هەقە، ئەگەر لە خێزانێكی بت پەرست لە دایك ئەبێت دیەنەكەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە ودەڵێت تەنها دینەكەی من ڕاستە ولە سەر هەقە . تەنانەت ئەگەر بۆ تاوێكیش قبولمان كرد دینی بودائی ڕاستە هێشتا قسەی ئەو پاپایە هیچ نیە..

مرۆڤی بەهەست تەنها ئەكرێ بە شتێك باوەڕ بێنێت كە لە ژیانیا بە تەجروبە پێی گەیشتبێ وهەستی پێ كردبێت ، لەگەڵ تەجروبەی باباتیانە ، زانست ، كردار ، بەراوردكاری ، فەلسەفی بە لەبەرچاو گرتنی كات وشوێن .

وتارێك لە زانكۆی برکلی
ئەحمەد شاملۆ

adabyate_Radical
وەرگێڕانی لە فارسیەوە : سەردار عەبدوڵا حەمە
١٢ ئایاری ٢٠١٩

بزووتنەوەی شورایی وبزووتتەوەی کوردایەتی لە بیرەوەریەکانی خۆمدا … سەردار عەبدولا حەمە

پاش ئەوەی لە ڕۆژی ٨ی مارسدا لە ناو زیندانی ئەمنە سورەکە ئازاد کرام وبەخۆزان وهاوڕێ ودۆستەکانم شاد بومەوە . ڕوم کردە وە چالاکی نواندن لە شوراکاندا ، ،سەردانی شورای شیخ محی الدین وسەرشەقام وکانیسکانم کرد زۆربەی هاورێکانی خۆم دۆزیەوە کە پێشتر دەمناسین . یادی هەڵەجە لە ١٦ی مارسدا کرایەوە بەڕێپێوان دەستی پێ کرد کە هەزاران کەس لە شوراکانی گەڕەك وکارگەکانەوە ڕوویان دەکردە بەردەرکی سەرای سلێمانی لەوێ هەموو کۆبوونەوە بەرنامەیەك دانرا بۆ مەراسیمەکە لە نێو بەرناماکەدا لە لایەن چەند هاورێیەکی زیندانی ئەمنە سورەکە ولیژنە ی مەراسیمەکەوە من دیاری کرام ووتەیەك بە ناوی سەرجەم زیندانە سیاسیەئازادبووەکانە وە پێشکەش بکەم لە ووتەکەمدا وڕای سوپاس و ستایشی خەڵکی ئاپەڕیوم کرد کە دەرگای زیندانیان لە ئەمە کردەوە ووە ووتم خەڵکی شۆشگێر هەر کات ئیرادەی یەکگرتوانەیان هاتە مەیدان هیچ هێزیەك بەرگەی ناگرێ پێشتریش شۆشگێران لە شۆشی فەرەنسادا توانیان دەرگای زیندانی باستیل بشکێنن و زیندانیەکانئازاد بکەن ..هتد. شایانی ووتنە ئەمە تەنها یاد کردەنەوەیەك بوو بۆ هەڵەبجە لەو ساڵەدا بزووتەنەوەی کوردایەتی وبەرەی کوردستانی بەرەسمی ئەو یادەیان نەکردەوە چونکە ئەوەندە هێزی جەماوەریان نەبوو وەك شوراکان .

ڕۆژانی دواتردرێژەم دا بە کارو چالاکیم لە شورای گەڕەکی کانیسکان کەبنکەکەی لە قوتابخانەی کانیسکانی سەرەتایی بوو لەسەر جادەی کانیسکان خوار فولکەی ئاسکەکان .بڕند گێیەك دانرابوولە سەربانی بنکە بۆ بانگەواز وسروودە کرێکاریەکان وشیعری شۆشگێرانە . لە پشتەوەی ئەم بنکەیە بارەگایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشهەبوو بەڵام خەڵك ڕووی لە ئەوان نە دەکرد زیاتر ڕوویان لە بنکەکەی ئێمە دەکرد وە خەڵکی گەڕەك گوێیان لە ئێمە دەگرت ئەگەر ئەوان ئاگاداری وبانگەوازیان هەبوایە بە ئێمەیان دەووت ئەو ەمان بۆ بخوێننەوە لە بڕندگەکەی خۆتانەوە ئێمەش یارەماتیمان دەدان لەو بارانەوە .

دواتر من پشنیاری کوبونەوەی گشتیم کرد بۆ خەکیگەەك ، بانگەوازەکەمان لە بۆند گۆوە خوندەوە بۆ ژی دواتر خەکی گەەك بە ژن وپیاو و بە گەنجیانەوە تەنانەت مەلای مزگەوتی بن تەبەقیش هاتن وبەشداریان کرد لە کبوونەوە گشتیەکەدا . کبونەکەمان لە حەوشەی قوتابخانە کرد مز وکورسی پلەکانمان دانابوو بۆ دانیشتن، پاش ئەوەی خم ناساند وەك یەکەم قسەکەریکبونەوەکە هاتمە سەر باسی شورا چیە؟ ئامانجی چیە؟ باسی ئەوەم کرد شورا بۆ بەوەیبردنی کمەگایە و سیستەمکی دیمکراسی استەوخۆی خەکە ونونەران لە کبونەوە گشتیەکاندا هەدەبژردن وهەرکات باش نەبووون کبونەوەی گشتی ئایندە دەنگیان پۆ نادر .لە پاش قسەکانی من مەلای گەەك هات و ووتی شورا شتکیزر باشە وخواش لە قورئاندا باسی کردووە بۆیە دەبۆ پشتیوانی لۆ بکەین ،دەنگدان دەستی پۆ کرد لە ١١ کاندید ٧ کەس هەبژردران وخم ژکرای دەنگەکانم بە دەست هنا دوای دەنگەکان سوپاسی خەکی گەەکم کرد وکەمك باسی بەرنامەی شورام بە ونتر کرد باسی یەکسانی ژن و پیاوم کرد باسی مافی تەاقم کرد کە نابۆ تەنهاپیاو ئەو مافەی هەبت دەبۆ ژنیش خاوەن ئەو مافە بت ، لە کاتی ئەم قسانەمدا مەلاو دوو پیاوی تر کبوونەوەکەیان جۆ هشت چونکە زانیان ئەمە ئەو شورایە نیە کە ئەوان لی تۆ گەیشتوون . دواتر کتایمان بە کبوونەنوە گشتیەکە هنا ،.

ژانە خەك زیاتر ووی تۆ دەکردین وەك تاکە هزکی جەماوەری گەەك بووین چەندین گرفتی کمەایەتی خەکمان چارەسەر کرد .چەند ژ دواتر بەرەی کوردستانی بەیانکیان باو کردەوە کە دەبۆ شوراکان داخرن بەیانەمەیان لە دیواری بنکەکەی ئمەیش هەواسی وچەند چەکدارکی یەکتی بە ئمەیان اگەیاند کە دەبۆ وازلە شورا بنین ئمەیش پمان ووتن شورا بەردەوام دەبۆ ئوە ئەو مافەتان نیە بە ئمە بن شورا داخەن بەیانەماکەمان لۆ کردەوە وبەردەوام بووین لە سەر کاری خمان .

ژی دواتر خەککی زر لە کەرکوکەوە ئاوارەی سلمانی بوون بەهۆی هرشی ژمی بەعسەوە بۆ کەرکوك وناوچەکانیانی داگیر کردبووە وە، ئیتر کاری شورابوو بە کمەك ککردنەوە بۆ ئەم ئاوارانە ژەمەکانی خواردن وجلو بەرگ وپداویستیکان لە خەلکی گەەك وەر دەگرت و دەمانگەیاندە ئەوان (بۆ زانین ئەم کارەی ئمە دەمان کرد بۆ ئاوارەکان بەرەی کورادیەتی نەی دەکرد بیان). کەچی بەرەی کوردستانی سوور بوون لە سەر داخستنی شوراکان تا کار گەیشتە ئەوە

ووتووێژ ئاگەیانراله نێوان وەفدێکی باڵای یەکێتی و وەفدیکی باڵای شورا لەو بنکەی ئەمە کۆبونەوە ئەوەی لە بیرم بێت خەسرە وسایە لە وەفدەکەی شورا بوو ، شورا تەسلیم بە داواکەی یەکێتی نەبوو هەرچەندە چەند بنکەیە داخران بێ ئەوەی شەڕ ووە نەدا بەڵام ئەمە بنەکەکەمان دانەخست . دوای چەند ڕۆژێك دەنگۆی ئەوەهات کە ژەم هێرشی هێناوە وگەیشتوەتە چەمچەماڵ ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزێکی چەکداری شوراکان بەرەو بازیان بەڕی کەوتن کە بە پاسکی ئیم خێیان گەیاندە دەربەندی بازیان بێ وەستانەوە لە بەرانبەر لەشکرکێشیەکەی بەعس ئەو کاتە خەڵك پێ ی وابوو هێزەکانی بەرەی کوردستانیش دەچن بێ شەڕ کردن لە گەڵ سوپاکەی بەعسدا کەچی وا دەرنەچوو تەنها هێزەکەی شورا چوو بوو لەجیاتی ئەوە بینیمان پێشمەرگە و مەسولەکان لە پێش خەلك کەوتوون بەرەو دەرەوەی شار ووەو ئەزمەو عەربەت دەڕێن تومەز بۆیاری پاشەکشەیان داوە . هێشتا تاریك نەبوو بوو ئەمە وەك شورای کانیسکان بازگەمان لە بەردەم بنکە ولەسەر جادەی کانیسکان دانا خەلکێکی زۆر بەئۆتۆمبیل بە پیادە بەڕێکەووتبون بۆ دەرچون بۆ دەرەوەی شار ئەمەیش هەر کەس گومانمان لێ بکردایە داوای هەویەو ئەحوال مەدەنی جنسیەمان لێ دەکردن لەوانە چەندین بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگەش بوون پێمان دەووتن کاکە ئێوە بۆ کوێ ئەچن ؟دەیان ووت فەرمانمان پێ کراوە شەڕ نەکەین لە گەڵ حکومەت کە زۆر ی پێ دەچوو بە ڕێکەوتنسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەم بۆیارەی پاشەکشەی دابێت . هەرچەند پێمان دەووتن کاکە مەڕێن با شار تەسلیمی بەعس نەکەینەوە دەیانووت نەخێر ناتوانین بمێنینەوە بێ شەر کردن فەرمانمان پێ نیە ووتمان باشە چەکاکانتان بدەن بە ئەمە چونکە ئەمە شار تەسلیم ناکەین.

شەو بە سەرداهات وهەواڵ گەیشتە لامان سوپای حکومەت گەیشتوەتە دەربەندی بازیان وهێزەکەی شوراش لە بازیان شکستی هێناوە چونکە هێزەکە زۆر کەم بوو لە بەرانبەر سوپاکەی حکومەت کە بەدەیان دەبابەو ومودرەعەو تەیارەی سەمتی بەشدار بوو تێدا بەداخەوە لەو شەڕەدا نزیك بە دە کەس لە هێزە چەکداریەکەی شوراکانگیانیان بەخت کرد ئەوەی لە بیرم بێت ناوی نەوزاد وشوان لە ئیزی گیانبەختکرداوندا بووو. بە بیستنی ئەو هەواڵە جگە لەوە ی زۆر خەمبار ونیگەران بووین ئەمەیش بۆیارمان دا ئەو ناوە چێ بکە ین ، من لەگەڵ چەند هاوڕێ یەکەم لە شورای شیخ محی الدین وشورای سەرشەقام وخەبات بەڕێ کەوتین بەرەوە ناوشار ووە لەسەیتەرەکەی عەربەت بەڕام هێشتا بۆیارمان نەدابوو شار چێ بکەین بە تەواوی من چەکە کەم دەمانچەیەك بوو کە هاوڕێم حەمە قەدێ پێی دابووم خێشی

لەگەڵ هاورێکانی تر کۆشینکەفیان پێ بوو ئەو شەوە پێکەوە بووین تا بەیانی .

لە کاتی نیوە شەودا بوو شار چڕ بووبوو بیستووبوومان هێزکی چەکداری موجاهدین خەلقی ئێراندزەیان کردووە لە ناوشاردان ئێمەیش بەدوایاندا دەگەڕاین لە سەر جادەی کاوە کەسکمان بینی لە دوورەوە بەرەو ڕووی ئێمە دەهات لە پڕکدا هاوارمان کرد بە سەریدا لە جێگایی خۆت نەجوڵێی بوەستە میلمان لێ هێنایەوە ئەویش وەستا ووتمان زەلام تۆ کێی ؟ ووتی کاکە من کوردم وخەڵکی قەڵادزەم نەمتوانی بڕۆمەوە بۆ قەلادزەسەیارە نەبوو لە گەراج .ئەویش ووتی : ئەی ئێوە کێن ؟ووتمان هێزی چەکداری شوراین ئەویش ووتی دەك ئافەرین بۆ ئێوە خۆ مەسولە کانی بەرەی کوردستانی گەیشتوونەتە سنوری ئێران کەچی ئێوە هشتا لێرەن ، .ڕۆگەماندا بڕوات ، لە جادەی کاوە بەێی کەوتین بەرەو گەڕەکی خەبات وحاجیاوا کەمك لە خوار شار نزیکسەیتەرەکەی سڵمانی عەربەت توشی هێزکی پێشمەرەگەی یەکێتی بووین نزیك دووی سەر لەبەیانی بوو ووتیان ئێوەهە کێن ؟ ووتمان شوراین مەسولەکەیان ووتی یا وەرن لە گەڵمان ئەچین بۆ شەڕ بەرەو چەمجەماڵ یا چەکەکانتان بدەن بە ئێمە دەمانزانی درۆ دەکەن تەنها مەبەستیانە چەکمان بکە ن و چەکەکانمان لێ بسەنن .پێمان ووتن نە لەگەڵ ئێوە دێین بۆ شەڕ نە چەکیشتان ئەدەینێ .مەسولەکە فەرمانی کرد بە پێشمەر گەکانی ئادەی ئەو چەکانەیان لێ بسەنن لە پڕکد میلمان هێنایەوە لێیان یەکێ لە چەکدارەاکانمان ژن بوو قیژانی ووتی هەرکامتان بڕبڕنە پێشەوە کوژروان کەچی مەسولەکە ووتی های ئەو خۆ ئافرەتیشە وچەکی پێ یە کوا ئافرەت و چەکداریانوتوە ئادەی ئەو چەکەی لێ بسەنن ،ئەویش ووتی ئێوە ناتوانن ئەو چەکە لە من بەبسەنن مەگەر بە سەر لاشەکەمدا بڕۆن ئەو چەکەم بە خۆن بە دەست هێناوە هەر مەگەر بە خۆنیش دایینێم. کاکی مەسولی پێشمەرگە زانی کە ناتوانێ بە ئاسانی چەکمان بکات ووتی لێیان گەڕۆن با بڕۆن .

کات نزیك بەیانیەو من و چەند هاوڕێیەکوەك لە بیرم بێت من وحەمە قەدۆ عەزیز یادی بەخێر بێامان دا بچینەوە بۆ کانیسکان بۆ ماڵ ئێمە بۆ نان خواردنی بەیانی نزیك سەعات ٨ی بەیانی بوو خەریکی نان وە ماست خواردن بووین تەقە درا لە دەرگای حەوشەکەمان ووتم بوەستن باسەیر بکەم بزانم کێ یە لە قاتی سەروە دەژیاین بینیم هەردوو هاوڕێ م سامان کەریم و وەستاسابیرە بە دوو کۆشنکەفەوە دوای چاك وجێنی ووتیان کاکە ئێوە خەریکی چین وا بە ئیسراحەت لێی دانیشتوون وا سوپا گەیشتووە تە قەراخ شار خێرا ئێرە بەجێ بهڕۆن ووتیان وەرن

لەگەڵ ئەمە هەموو پێکەوە دەرئەچین لەشار ووتمان ئەوە بۆن ئەمە لە لایەکی ترەوە دەر ئەچین ڕوویان لە من کرد ووتیان کاکە وەرن لەگەڵ ئەمە سروەی هاوسەرت ومناڵەکەشتان لای ئەمەن تا ئەو کاتەش من نە ئەمزانی هاوسەرم ومناڵەکەم لە کوێن ،ئیتر وا بۆکەوتین من لە گەڵ ئەوان بۆم دوو هاوڕێ یەکەی تر بەرەو سنوری عەربەت بۆن زۆە بە پەلە هەنگاومان دە نا بەرەو ماڵی هەڵەبجە رافیع کە لە نزیك ئەزمەر بوولای تووی مەلیك کاتێ گەیشتینە ماڵکەیان پێ بوو لە هاوڕێیانیشورا وسروە وهەڤێی کچم کە ئەو کاتە ساوا بوو لەوێ بوون لە هاوڕێکانی تریش وەك بیرم بێتەوە هاورێ جەبار موستەفا یادی بەڕێز بێت و هاورێ ئاسۆ کەمال و هەڵەبجە رافع وج ڕێنوارو جەمال ی بەلەدیە وسامان کەریم و وەستا سابیرو سەرجەم ئەم هاوڕێیانە ش خۆزانکانیان لەوێ کێ بوو بونەوە تا پێکەوە لە شار دەرچین ودواتربەڕێ کەوتین بەرەو چیای ئەزمەر کە گەیشتینە سەر چیا بە هێلی کۆپتر وسەمتیەکانی ڕژێم هێرش کرایە سەرمان بە دژکەو ەشاش دەستڕژیان لێ کردین بۆجگە لە ئەمە خەڵکی تریشی لێ بوو چەند ئاربجیەك نرا بە هیلکۆپترە کانەوە کەمێك بەرگری کرا سەرەنجام هاوڕێکانی خۆمان هیچ کەسمان هیچی لێ نەهات .

سەردار عەبدولا حەمە

٢٠١٩\٣\١٣

بۆچی ژنان ئاوارەی ووڵاتانی بۆ ناو جیهانی سێ یەم و ئیسلامی نابن ؟... سەردار عەبوڵا حەمە

زۆر ئەو پرسیارە ڕۆژانە لەڕو لەوە دەکرێ باشە هۆکار چیە ژنان بگشتی لە ووڵاتە ئیسلامیەکانەوە ووڵ لە ئەوروپا و ئۆژئاوا دەکەن ؟ بۆچی ووڵاتانە ناکەن کە جیهانی سێیە من ویان کە شریعەت بنەمای دەستوریانە ؟ ئەمانەک بە کەسانکی وەک (رهفة محمد ی ١٧ ساڵە کە لە سعودیەوە هاتبێت) و وازی لە ئایینی ئیسلام هێناو گەیشتە کەنەدا ومافی پەنابەرێتی وەرگرت لەم ووڵاتە بۆکو

بژنانەکەش کە هەشتا پێدەوی لە ئیسلام دەکەن ئەم وولاتانە جێ دەهێڵن ووە لە وولاتانی ڕۆژئاوا دەکەن واقعیە وەاستیە . دیارە هەکاری کەچ کردن لە جیهاندا زۆرن ، جەنگ ، لافاو، بومەلەرزە ، کارەساتە سروشتیەکانی تر و، خراپی باری ئابووری ، زیادبوونی بێکاری و سەرکوتی سیاسی ئەم هەکارانە زۆر باس کراون بەڵام لەڕادا باس لە زبرو زەنگی کەمەایەتی دەکەین .
ئەگەر بە سەرنجەوە بەوانیین لەو وولاتانەی ئایینی ئیسلام هەژموونی هەیە مرۆڤ لە قاڵب دەدرێت ، مرۆڤ وبە تایبەت ژن ناتوانێت لە چواچێوە ی ئەوکوتورو یاسایە بچێتە دەرەوە کە لەو وولاتەدا زاڵە . ئەو کەلتورویاسایەش نابەت دەسکاری بکرێن هاوتەریب بکرێ لە گەڵ وولاتی بەرەوپێش چوونی کەمەگا ، چونکە بە پیرەز دادەنرێن ، پیرەزیەکانیش ڕۆهان و دەسکاری کردنیان بقێیە . کەوایە لەو کەمەگایە دەبەت هەش وبیری مرۆڤکان فریز بکرێت نابەت ڕووتی مەژووی شارستانیەت ببینێ. بەڵام ئەم کارەش زەحمەتە چونکە ئەمە تەکنەلەجیا وئینترنەت ڕێگا نادا بیرو زەینی مرۆڤکان فریز بکرێ بەیە لە ئەنجامی بڕیەک کەوتنی ئەم دووانە واتە پیرەزیەکان و زانست یاخی بوونی مرۆڤکان دروست ئەبەت مرۆڤ لە هەلەک دەگەڕێ ئەو دەرگاو پەنجەرانە بکاتەوە کە لە ی داخراوە تا هەزی بەت ڕابکات وخەی بگەیەنێتە جێگایەک کە پیرەزیەکان ڕێگر نەبن لە بەردەم ژیانی مرۆقایەتی ئەودا..
لە ڕاستیدا پەداویستیەکانی کەمەگای چینایەتی سەرمایەداری وا دەخوازێت کەمەگای مرۆقایەتی بەم جۆرە دابەش بکرێ ، لە هەندە ووەات بەەک ئازادی و مافەکانی مرۆڤ زیاتر بەت لە هەندە ووەاتیش کەمتر وتا ئاستی نەبوون بن ، کاریگەری زەنیسانس لە سەر ووەاتانی ڕۆژئاوا و ڕوو نەدانی ڕەنیسانس لە ووەاتانی بە ناو ئیسلامی وجیهانی سیەمی ئەم دابەش کردنەی دروست کردووە خاەی هاوبەش لە هەردوو شوەکەی دەسەاتدا بوونی کەمەگایەکی چینایەتی پە لە زوەم وستەم وچەوساندنەوە وبە مافیە چونکە یەک سیستەمی ئابووری سەرمایەداری بڕەوە دەبرێت بەیە تا ستەمی ئابووری لە سەر مرۆڤ هەبەت مافەکانیشی زەوت دەکرێ وەک مرۆڤ .
هەندی ئازادی ومافی مرۆڤ لە کەمەگا پەشکوتوەکاندا یە بڕەمی خەبات تی کەشانی خەکی ئەو وولاتانەیە کە لەماوەی سێ سەد ساڵی ڕابووردودا کاریان بە کردوە هەندەکی تریش بڕەمی شۆشی ئەکتۆبەری ڕوسیایە.، یەکە لەوانە مافەکانی ژنانە ،. وە بە دیارکراویش مافە کەمەایەتیەکانی ژنانە ، نەمانی دەستی باەای پیاوەبە سەر ژناندا ونەمانی دەستی ئایین بە سەرژیانی کەمەایەتی ژناندا لە دەسکەوتە گرنگەکانن . لەم کەمەگا یانەدا خەشویستی

ئازادە نە دین ئەتوانە کاریگەری هەبێت لە سەری نەپیاوان ، ئەو نەماوە باوک ئازی نەبێت کچەکەی نەدات بە کەسێک خۆشی بوە مەرجی ئەو نەماوە دەبە کورەکە خزمی خۆی بێت یا هاودین وهاونەتەوەی خۆی بێت یا ئامۆش وسپی بێت یا خاوەن پارە دەوڵەمند بێت خۆشویشی داتەکاوە لەم پیسیانە .

زۆر لە ژنان ووڵاتانی خۆیان بە جێ دەهێڵن ڕوو لە ووڵاتانی ئەژئاوا دەکەن لە بەر ئەو هەکارانەیە باسم کردن ، دەبینین بە هەی نەبووونی ئەو و مافانە ووڵاتانی خۆیان لە جیهانی سێ یەم و ووڵاتانی ناوزەد بە ئیسلامی جێ دەهێڵن و ڕوو لە ووڵاتانی ئەژئاوا دەکەن، چونکە ووڵاتانی خۆیان زیندانێکە بۆیان یا دۆزەخێکە بۆیان چیترناتوانن ژیانی تێدا بکەن . زۆرێک لە و ژنانە بەهەی بوونی مەترسی لە سەر ژیانیان هەڕهاتوون ئەگەر لەوە بوونایە ئەستا لە ژیاندا نەمابوون.

ژنان ناتوانن ئەو بە مافیە قەبوە بکەن کە دینەکان بۆیان داناون ، ناتوانن ئەوە قەبوە بکەن بە منداڵی بدرێن بەشوو یا باوک ودایکیان بیانفرۆشن بە پارە یا بیاندەن بەخزمی خۆیان ، ژنان ناتوانن زۆەمی مێردەکانیان قەبوە بکەن کە ئایین بەی داناون لە قسەی مێردەکانیان دەرنەچن ، ژنان ناتوانن ئەوە قەبوە بکەن مێردەکانیان ژنی تریان هەبێت ، دیارە من مەبەستم هەموو ژنەکان نیە ژن هەیە هەموو ئەمانەی قەبوەە چونکە دین پە ی ووتوە ئەمە ئەمری خوایە ئەگەر قبوەی ناکەی خوا لێت ڕازی نابێت وبەهەشت نابینین وبە ئاگری چەهەنەم دەتسوتێنن ، ژنیش هەیە قەبوەی ناکا لە بەر بە ئاگایی توشی بارەکی دەرونی وا خراپ دەبێت خۆی دەکوژە یا خۆی دەسووتینێت ، ژنیش هە ەە هەشیارانە لە بەرانبەریدا ڕادەوستە ومافەکانی خۆی بە دەست دینە . ژنیش هەیە لە ە یاخی دەبە خۆی دەگەیەنیتە جێگایەک کە کەمەکیش بێت مافی کەراماتی وئینسانی پارێزراو بێت ، دیارە جێگایەکیش بە ئەوان کەمەێگاکانی ئەژائاویە نەک ئەو ووڵاتانەی حوکم وکەلتوری ئایینی تێدا زاەە وەک ووڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێ یەم و ووڵاتانی ئیسلامی.

دوا ووتەم ئەویە با هەموومان ڕوو لە گوێنی هەژموونی یاسا وحوکمە دینیەکان بکەین و داواکار بین دین لە حوکم و یاسا ودەوڵەت وپەروەردە جیا بکرێتەوە دین وەک کاری تاکە کەسی چاو لە بکرێ و ئازاد بکرێ بە هەر کەسێک پەیوەی لە دەکات تا زوەم لەسەر ژنانیش نەمێنێ و چیتر ئاوارە نەبن. هەر ژنێک یا هەر ئەکخراوە یەکی ژنان کە بە ئازادی یەکسانی خۆبات دەکات دەبە بە دوای ئەمە وە یە ولە م ٨ ی مارسەوە دەست بە کار بێت بۆی .

سەردار عەبولا حەمە
٥ ی مارس ٢٠١٩

مارکسیزم لە دیدی بەشێك لە ڕۆشنبیرانەوە !... سەردار عەبدوڵا حەمە

بەشێك لە ڕۆشنبیران دەیانەوێ وا نیشانی خوێنەرانیان بدەن کە مارکسیزم و ئیسلام دووڕووی پارەیەکن هیچ جیاوازیان نیە لە بارەی تونددەوی و سەرکوت وزەبروزەنگدا ! یا دەڵێن هەردووکیان دوو ئایدیۆلۆژیان و وەك یەك کاریگەری خراپیان هەیە ! لێرەوە دەیانەوێ لە لایەك بە خۆیان بڵێن بێ دین ومولحید وە لە لاکەی تریشەوە بڵین ئەمە مارکسیسیت نین ودژی مارکسیزمین . ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوان ئازادن چۆن بیر دەکەنەوە بەڵام گرنگ سەلممانندنی ئاو بچونەکانیانە نەك تەنها ڕازاندنەوەی بچونەکانیان بە ووتەی بریسکەدارو بە کارهێنانی ووشەی بیانی وناو و کەسانی بیانی .

لێرە دا ئەو پرسیارە هەیە ئایا ئەوان پشتیان بە سەرچاوە ئەسڵیەکان بەستوە لەم بارەوە ؟ ئایا کەمێك خۆیان ماندوو کردووە تا بزانن لانی کەم بەرنامەکانی وەك مانیفستی حیزبی کۆمۆنیست (مارکس ئەنگلس) وە {یەك دونیای باشتر)ی کۆمۆنیزمی کرێکاری چی دەڵین؟ بێ گومان نەخێر ، چونکە ئەوان ئەگەر بەرنامە و سەرچاوەکان بکەنە پێوەر ئەو بچوونەیان نەدەبوو لە سەر مارکسیزم ، کەسی مەنتیقی بەو جۆرە مامەڵە ناکات لە گەڵ تێواینی نەیارەکانی خۆی کە نەگەتەوە سەر سەرچاوە ئەسڵیەکانیان وبەرنامەکانیان بێ ناسینی ەوتە کۆمەڵایەتیەکان نەك بێت دەسەاتەکان یا حیزبەکان یا گروپەکان یا کەسەکان بە نموونە بنێتەوە بێ دەربڕینی ڕاووبچوونەکانی.
پێمان دەڵێن ئە ی ئەوە نیە ستالین وماوتسی تۆنگ و پۆلپۆتەکان قەتل عامی خەڵکیان کرد ئیترجیاوازی چیە لە گەڵ قەتل عامەکانی داعش والقاعیدە ودەوڵەتە ئیسلامیەکانی تر کە لە مێژوودا ئەنجامیان

داوه نمونەی وەك ستالین وماوتسیتەنگ وچین وکۆریای باکور پاڵپشت و ئەوحیزب وگروپ وتاقمانەی سەر بەمانەن هیچ پەیوەندیان بە بەرنامەی مارکسەوە نەماوە وهاوبەشبازی ئەو نین، ئەمانە سەر بە بەشکی بورژوازین کە سەرمایەداری دەوڵەتیە و بە ناوی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم ودیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە .

حوکم دەکەن هیچ پەیوەندیان بە مارکسیزم وبەرناماکەیەوە نەماوە هەی ئەم گاڵتەانەش ئەوەیە کە پاش شکستی ئۆکتۆبەری روسیا بۆرژوازی لە جیهاندا بە چەندین شێوە ویستی هەم شکستە لە ناوببات بە هەرش وپەلاماری سەربازی نەیتوانی بەرام بە سیاسەت و پیلان گێڕی توانی و سەرکووتو بوو ، بورژوازی توانی ستالین لە کۆمۆنیستەوە بکاتە ناسیونالیست بەرگری کاری بۆرژوازی روسی هەر بۆیە ستالین و سۆڤیەت بووە قەڵایەکی تری بۆرژوازی جیهانی و هەموو ئەجێندا کانی بورژوازیان بردە پێشەوە وە هەروەك دەسەڵاتە بورژواکانەپەرستەکان سزای ئیعدام وکوشتنی مرۆڤیان خستە بەرنامەی خۆیانەوە کە دوور بوو لە بەرنامەی کۆمۆنیستی مارکس.. ناتوانین لۆژیك لە هەڵوێستی ئەم شنبیرانەدا بدۆزیتەوە دەبێ بپرسین ئایا ئەو نمونانەی ئێوە باسیان دەکەن هاتوون بەرنامەی مارکسیزمیان جێ بەجێ کردووە یا خود بەرنامەیەکی تر ؟ ! بە گومان ئەم دەوڵەت وحیزب وگروپ وکەسانە بەرنامەیەکی غەیرە مارکسیستیان پیادە کردووە ئیتر ناهەقی دەکەن مارکسزمی پێ ناوزەد دەکەن.

تەنها کۆمۆنەی پاریس و روسیای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرتا ساڵی١٩٢٤لەگەڵ بەرنامەی مارکسیستی بوو گرنگە ئەوەش بزانین کە هەروەك چۆن کۆمۆنیستەکان بە لادا دەچن ولە سەرچاوە وبەرنامەی ئەسڵی خۆیان لا دەدەن بۆ ئیسلامەکانیش هەمان لادان دووركەوتنەوە لە بەرنامە و سەرچاوەی ئە سڵیان ووی داوە وبەردەوامیش وو دەدات هەکاری ئەمەش دەستکەوتەکانی مرۆڤە لە بواری مافەکانی ویا بە هەکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو شارستانیەتە و ئەگەر هەر دەسەاتێك خۆی بە دەسەای ئیسلامی ناو ببات یا هەر حیزب وگرپێك یا هەرکە سێك باسی پەرلەمان بکات وباسی ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی ژن و یەکسانی ژن وپیاو جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت سەرنەبڕین مرۆڤ بکات ئەوە لە بەرنامەی ئیسلام لایداوەو بەرنامەی هەوتەکی تر دەبات بەڵێوە چونکە بەرنامە ئەسڵیەکە دژی ئەمانەیە بۆیە ئەگەر بمانەوێ دەوڵەتێك بە ئیسلامی بناسین دەبێ بزانین چەندە بەرنامەی ئیسلام دەبات بەڵێوە د بێ نمونە خەلافەتکانی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە تا دەوڵەتی عوسمانی وتاسعودیە وئێران و داعش بەرنامەی ئیسلامیان

بەڕووە بردوە .

لە بەرنامەمەی ئیسلامدا ولە قورئان وحەدیسەکان وتەفسیرەکاندا دەتوانین ئەوە پەیدا بکەین ئیسلام باس لە کوشت وکوشتار دەکا باس لە دیل کوشتن وسەربڕینی دیل دەکا باس لە دەست بڕین و تاڵان بڕ دەکات بەڵام لە بەرنامەی مارکسیزمدا ناتوانین یەك ووشە پەیدا بکەین کە باس لە کوشتن و ئازاردانی مرۆڤ بکات .

تەنانەت سزای تاوانباریش ناکرێ لە سێدارە دان بێ سزای سێدارە یا ئیعدام کە لە بەرنامەکەی ئیسلامدا ڕێگە پێدراوە کە چی لە مارکسیزمدا قەدەغەیە .لە بەرنامەی مارکسیزمدا تەنها مرۆڤ پیرۆزە .هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە بەهای مرۆڤ بۆ خۆی بگەڕێتەوە و ژیانێکی مرۆڤانەی بۆ دابین بکرێ وهەموو یەکسان بن بەڵام لە بەرنامەی ئیسلامدا مرۆڤ هیچ نیە و خوداو پێغەمبەر خاوەن بەهان ومرۆڤ لە پێناو ئەواندا دەبێ قوربانی بۆ وژیان بۆ مرۆڤ .

گرنگ نیە بەڵام لە مارکسیزمدا پێچەوانەی ئەمەیە ژیان دەبێ بۆ مرۆڤ بێت بە بۆ جیاوازی لە ڕەگەزی نێرو مێدا ، ژن لە ئیسلامدا تەنها بۆ غەریزەی پیاوە وچوار دانەیان دەکرێ بۆ پیاوێك بۆ لەزەتی جنسیان لێ وەرگرێ وبە نیو مرۆڤ حساب دەکرێ تەنانەت لە ڕیزی کەرو سەگدایە کەچی لە بەرنامەی مارکسیزمدا ژن مرۆڤە ومافی تەواوی مرۆڤی دەبێ هەبێت .

منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە ئایدۆلۆژیای ئیسلام مۆشکی پێ دەکرێت وکێچ کور منداڵ مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ دەکرێت وتوندوتیژیان لە بەرانبەردا بە کاردێ لە بەرنامەی مارکسیزمدا پێچەوانەیە وئایدۆلۆژیا نابێ فێری منداڵ بکرێ تا خۆی دەگاتە ١٨ ساڵ هەر باوەڕێك هەبژێرێ . مامەڵە لە گەڵ کچ و کوڕ وەك یەك دەبێت هەر لەمنداڵیە وە .

بە گشتی مارکسیزم وئیسلام نەك دوو ڕووی پارەیەك نین بەڵکو دووهێڵی تەریبن هەرگیز ناگەن بەیەکتر ، ئیسلام دەیەوێ مرۆڤ لنگە وقوچ بکاتەوە مارکسیزم دەیەوێت ڕاستی بکاتەوە ، ئیسلام دەیەوێ مرۆڤ نامۆ و کێلە بکات مارکسزم دەیەوێت ڕزگاری بکات.ئازاد بێت خاوەن ئیرادەی خۆی بێت .
ئەی دەبێ بۆچی ئەم ڕوشنبیرانە بەم جۆرە لە مارکسیزم گەیشتبن کە دەڵێن وەك ئیسلامە ؟ هۆی سەرەکی ئەوەیە ئەمانە توژێکی کورت بینن وچونکە مەوقعیەتیان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ووردەبڕژوازیە و

مانەوەی سەرمایەداری لە بەرژوەندیانە بۆیە دەبێ دژایەتی مارکسیزم بکەن چونکە مارکسیزم دەیە وێ لانەکەیان لێ تێك بداوبەرژوەندیان دەخاتە تە لێژیەوە.

ئەم ڕوشنبیرانە کە خۆیان بە مولحید دەزانن ودژایەتی مارکسیزم دەکەن بزانن یا نا دەکە ونە سەنگەری بورژوازی و ئیسلامەوە چونکە مارکسیزم دیەوێ ئاوگۆڕی شۆشگێڕانە ئەنجام بدات وئەو واقعە ماددیە بگۆڕێ کە مرۆڤ مانایەکی نیە تێ یداو پێناسەی مرۆڤ بوونی نیە تێ یدا و دونیای پێچەوانە بگوێ بە دونیایەکەی باشتر بەرەم ئەم ڕوشنبرانە بەرهەستکاری دەکەن ڕوگا بەم گوتانکاریە نادەن کەواتە ئەوان دەکەونە هەمان ریزی بورژوازی وئایینەوە بۆیە لە سەرەنجامدا هەوڵەکەیان دچێتە گیرفانی بۆرژوازی و ئیسلامەوە.

سەردار عەبدوڵا حەمە

٢٠١٩\٢\٢٥

موسڵمانەکانی ڕوسیا و شۆڕشی سۆشالیستی ئۆکتۆبەر!

نەیارەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر و ئازادی ویەکسانی وکۆمۆنیزم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بە پێوپاگەندەی ناڕاست ونەسەلمێنراو خەڵکی ستەملکراو فریو بدەن وژەهر خواردیان بکەن بە بیری چەوت وناواقعی، یەك لە و پێوپاگەندانەیان ئەوەیە کە دەڵێن : کۆمۆنیستەکان ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ موسڵمانەکان لە ناو دەبەن چونکە ئەوان دیکتاتۆری پرولیاتاریا دادەمەزرنن .من لێرەدا دەمەوێ پێچەوانەی ئەم پروپاگەندانە بە بەڵگەوە نیشان بدەم .
پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئیسلامەکانی روسیا لە ژێر زەبرو زەنگێکی زۆردا بوون زۆریان لێ دەکوژراو زیندانی دەکراو مزگەوتەکانیان دادەخرا وقورئان و ئاسەوارو کتێبە دینیەکان بە تاڵان دەبران وتەنانەت کاتێك ئیسلامەکانی قەوقاز بۆیاریاندا بەشداری شەڕی جیهانی یەکەم نەکەن ژمارەی قەیسەر ٨٣٠٠٠کەسی لێ کوشتن . بەڵام بزانین مامەڵەی لینین وبەلشەفیەکان چۆن بوو لە کاتی شۆڕش ودوای شۆڕش :

لە مانگی ئایاری ١٩١٧ موسڵمانەکانی سەرتاسەری روسیا یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە مۆسکۆ ئەنجامدا ١٠٠٠ موسڵمان بەشداری تێدا کرد لەوانە ٢٠٠ کەسیان ژن بوون جگەلە باسەکان کۆنگرە چەند بڕیارێکی پەسەند کرد لەوانە : سەعاتی کارکردن دەبێ ٨ سەعات بێ لە ڕۆژێکدا ، خاوەندارێتی زەوی وزار دەبێ هەڵوەشێتەوە وەدەست بگیرێت بە سەر مولکە گەورەکاندابە بێ بەرابەر، یەکسانی لە نێوان ژن وپیاودا لە تەواوی مافە کانیانداابین بکرێ ،فرە ژنی قەدەغە بکرێت ، حیجابی زۆرە ملێ قەدەغە بکرێت ،وە سەرجەم ئەو کێت وبەندانە ی لە سەر ژنان هەیە لە ووڵاتانی تر ی ئیسلامیدا نابێ لێرە بمێنن .
لە ٢٥ ی دیسەمبەری ١٩١٧ دائەو قورئانە کە بە قورئانی پیرۆز وعوسمانەوە ناسراوە لەو کاتەدا دەگەڕێنرێتەو بۆ ئەنجومەنی ئیسلامی پیترۆگراد ، سەرجەم ئەو کتێب و ئاسەوارانەی ئیسلام کە لەلایەن ژێمەکانی قەیسەرەوە تاڵان کرابوون گەڕێنرانەوە بۆ جێگای ئەسڵی خۆیان ، ڕۆژی جومعە کرایە ڕۆژی بڕیاری ئایینی وپشووی هەسمی بۆ تەواوی موسڵمانەکان لە تەواوی ئاسیای ناوەڕاستدا.
لەساڵی ١٩٢٠ لە ٣ی نیساندا لینین بروسکەیەك دەنێرێ بۆ (ئێرجوندز) سەرکی بەرەی قەوقاز وتێدا دەڵێت : دەبێ بە کردەوە بیسەلمێنت بۆ موسڵمانەکان کە ئێمە هاوپشت وهاوسۆزی ئەوانین بۆ سەربەخۆیان وبەڕێوە بردنی دەسەڵاتی خۆیان .
لە ٢٤ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٤ لینین لە بانگەوازێکدا بە موسڵمانەکانی ڕوسیای ڕاگەیاند :ئێوە ئەی موسڵمانەکانی ڕوسیا وسیبریا وتورکمانستان وقەوقاز ئەی ئەوانەی کە ژێمەکانی قەیسەر مزگەوتەکانی تێکدان وسووکایەتیان کرد بە عەقیدە وبیروباوەڕو کولتورتان ئێستائیتر ئێوە ئازادن لە دەربڕینی عەقیدە و بیرباوەڕ وکولتوری نەتەوەیتان وەدەتوانن ژیانی میللی خۆتان ڕێك بخەن ئازادبن بە بێ بوونی هیچ بەندو کۆسپێك. ئەوەش بزانن کە شۆڕشە مەزنەکەمان وشورای نوێنەرانی کرێکاران وسەربازان وجوتیاران مافەکانی ئێوە وتەواوی خەڵکی ڕوسیا دەپارێزێت ، پشتیوانی لەم شۆڕشە بکەن .هەر ئەم شورایە لە بەرنامەکەیدا بە ناوی (offinmative action) واتە وەستانەوە لە بەرانبەر جیاکاری، کە بە پێ ی ئەم بەرنامەیە خەڵکی ئەسڵی ناوچەکان دەبێ بگەڕێنەوە جێگای ئەسڵی خۆیان وئەوانەی بە ناوی خەڵکی ئەم ناوچانە قسە دەکەن دەبێ لەم ناوچانە نەمێنن وەك کەنیسە ئەرسەدۆکسیەکانی ڕوسەکان و قزاکیەکان ، زمانی ڕوسی وەك زمانی یەکەم نابێت وزمانی ئەسڵی ناوچەکان دەبێتە زمانی یەکەم و قوتابخانە ئیدارەاکانی حکومەت وچاپکراوەکانیش ، هەر بە پێ ی ئەم بەرنامەیە کۆمەك دەکرێت بەکەسانێك کە خەڵکی ئەم ناوچانەن تابتوانن خۆیان ئەم ناوچانە

بەڕێوە بەرن وخەڵکی ئەم ناوچانەش سەرکردایەتی حیزبە کۆمۆنیستەکانی خۆیان بکەن هەر بە پێی ئەم بەرنامەیە وەزیفە کان دەدرێن بە خەلکی ئەم ناوچانە، زانکۆکان بێ پێ گەیاندنی خەلکی دەبن لەم ناوچانەدا.
ئەم بابەتە تەنها تایبەتە بە بارودۆخێکی دیاری کراو واتە سەردەمی لینین وحوکمی بەلەشەفیەکان ، بە دوای ئەم مژووەدا هەرچی ڕووی دابێ پەیوەندی نیە بە هەڵوێستی لینین و بەلشەفیەکانەوە بێ نمونە لە سەردەمی حوکمی ستالین و ئەوانەی دوای ئەو هاتوون چ لە ڕووسیا یا لە ووڵاتانی تر چونکە ئەوان نەیان توانی درێژە بە بەرنامە و ڕێبازی لینین وبەلشەفیەکان بدەن لە جیاتی سۆشیالیزمی کرێکاری ئەوان سوشیالیزمی بورژوازیان پەیڕەو دەکرد هەر بە ناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە کە تا ئێستایش بەردەوامن لە سەری لە زۆر ووڵات دا.
ئازادی بێ کۆت وبەند بێ کاری سیاسی وبێ عەقیدە و بیرۆڵادەربڕین لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دا مەرجی سەرکەوتنی شۆرشی کرێکاری وسۆشیالیزمە بێ گەیشتن بەکۆمەڵگایە کی یەکسان و ئازاد لە هەموو جیهاندا وە ئەمەش ڕێبازی لینین وبەلشەفیەکان بوو کە لە سەر بنەما سەرەکیە کانی ڕێبازی مارکس وە ئەنگلس بوو .

سە ردار عەبدوڵا حەمە
٢٠١٩\٢\٩
سەرچاوەکان کە سوودیان لێ بینراوە بێ ئە م بابە تە:
گۆڤاری internationalist socialist no 110 spring 2006 وەرگێڕانی بە عەرەبی نادیە عەبدوالقادر کە لە نیسانی٢٠٠٧دالە اوراق الاشتراکیەدا بڵاو کراوەتەوە وە لە لایەن ماڵپەڕی حزب العمال_ تونس لە ٣٠ تەموزی ٢٠١١ دا دانراوە

لێ خۆڕی ئاسمانەوێ بێ خۆڕی زەوی! … نوسینی: کارل مارکس

وەرگێڕانی بێ کوردی : سەردار عەبدوڵا حەمە …

لێ پاش ئاشکرا بوونی نەبوونی دونیای ئۆدیوی ڕاستی دەبێ ڕاستی

ئەم دونیایە هەستنگێرت ئەمە بە ئەرکی مژوو دائەرێت لێپشدا ئەمە ئەرکی فەلسەفەیە کە دەبە ئەم خزمەتە بە مژوو بکات . بنچینەی بەخنەی نائاینی ئەوەیە ؛ کە مرۆڤ ئایین دروست دەکات نەک ئایین مرۆڤ دروست ئەکات ، لە ڕاستیدا ئایین هوشیاری وپێشبینی خودیە لە لایەن مرۆڤەوە لەوکاتەدا کە هێشتا خودی خۆی نەدۆزیوەتەوە یا خۆی وون دەکاتەوە جارێکی تر ، بەڵام دەبە ئەوە بزانین کە مرۆڤکان دابەاو نین ولەجێگایەکدا نین لە دەرەوەی ئەم دونیایەدا بن .

مرۆڤ دونیای مرۆڤە ،دەوڵەت ، کۆمەڵگایە وە ئەم دەوڵەت و کۆمەڵگایش ئایین بەرهەم دەنن ؛ هوشیارێکی پێچەوانە (لنگەوقوچ) دەدەن سەبارەت بەم دونیایە چونکە خۆیان دونیایەکی پێچەوانەن .ئایین تیۆری گشتی ئەم جۆرە دونیا یە، بە کورتیەکەی ئایین دەتوانە پێگەی خۆی لە ناو خەڵک بکاتەوە بەوەی کە گیانەکی شرافەت مندانەیە ،هاندرێکی باشبە خەڵک ، پاداشی بە هۆشتی خەڵک داناوە ، ترس دەخاتە دڵی خەڵکەوە ،مراسیم وپرسەی مردووانی خەڵک دائەنە ئەمانەن جێگای ئایین دەکەنەوە لە ناو خەڵکدا .

ئایین جەبەجە کاری خۆیاتی جۆرە مرۆڤکە کە بوونی نیە لە واقیعدا ، ئەنجا دەتوانین بەوە بگەین وەستانەوە لە بەرانبەر ئایینەدا بەوە دەبەت کە لەبەرانبەر ئەو دونیایەدابوەستیتەوە کە ئایین لە هەناویدا دروست دەبەت .ئەو خەشیە ی ئایین وەک مژدە دەیداهەر لەم واقیعەوە ولە م دونیایەوە وەری گرتووە کەچی خۆی ناڕازیە لەم دونیایەدا بەدەست بەت لە بەرانبەریدا دژایەتی دەکات .ئایین بە کار دەت بە فریودانی خەڵکی ستەملێکراو ، ئایین دڵی جیهانەکی بە دڵ ،ئایین گیانی هەلومەرجەکی بە گیانە ، ئایین تلیاکی(بە هەشکەری) خەڵکە .

کاتە ئایین نامێنە واتە بەهەشتی خەیاڵی نامێنە وبەهەشتی واقیعی دەتە بوون واتە مرۆڤ واز لەوبیرانە دێنە کە ناواقعین لە سەر بارودۆخی خۆی ، لەهەمان کاتدا واز لەو باردۆخە دێنە کە بیری ناواقعی بەرهەم دێنیت ، هەر بۆیە هۆخنە لە ئایین هۆخنەیە لە دژی(شیوی) ئەو فرمێسک وناخۆشیانەی کە ئایینی تیدا لە دایک بووە .

هۆخنە لە ئایین بە ئەوەیە ئەو کلۆشە وهەمیانە لابەات کە گوڵکانیان داپشیوە لە بەر ئەوە نیە کە دیمەنی گوڵکانی ناشرین کردووە بەڵکو لە بەر ئەوەیە هەر کلۆشکان نەهێڵەت و لە جیاتی

گۆی دروستکراومرۆڤ گۆی زیندوو بەرهەم بێنێت ، ڕۆخنە لە ئایین ، ئەفسانەکانی مرۆڤ تەک دەشکێنێت تا بیر بکاتەوە ، تا چالاک بێت ، تا واقعی مرۆڤ بوونی خۆی دروست بکات بۆ سیفەتی مرۆڤبوون بێت بە بیری ئەفسانەویانە بژی و بگاتە حالەتی ژیری وکامە بوون ، وە بە ئاوەی بە دەوری خۆیدا بسووتێنێ واتە سوانەوە بە دەوری خۆی ئاستەقینەی خۆیدا،چونکە وای لی کراوە لە لایەن ئایینەوە بە دەوری خۆرەکی نادیاردا بسووتێنرێ .

لە پاش ئاشکرا بوونی نەبوونی دونیای ئاودیوی ئاستی دەبە ئاست ئەم دونیایە هەستنگێنرێت ئەمە بە ئەرکی مێژوو دائەنرێت لێپشدا ئەمە ئەرکی فەلسەفەیە کە دەبە ئەم خزمەتە بە مێژوو بکات،ئەمەش بۆ دەبێت ئاو ڕواڵەتە پیرۆزەی کە بە مرۆڤ دراوە وەک کەلەپەک سیری خۆی بکاو خۆی تێدا بینێتەوە ،یەسوا بکرێت ، وەئاو ماسکەی بە مرۆڤەوە کراوە بە ئاوەی خۆی بەخۆی ناەمە بێت، لە کرێتەوە بە پیرۆزی نەزانێت ، بەوشەویە دەکرێت ڕۆخنەکان لە ئاسمانەوە داگیرین بە سەر زەوی ، ڕۆخنە کان لە ئایینەوە دەبن بە ڕۆخنە لە مافەکان ، ڕۆخنەکان لە خوا ناسی و خواپەرستیەوە دەبن بە ڕۆخنە لە سیاسەت.

-_____

بەشێک لە لێپرسینەوە کەی " ڕۆخنە لە فەلسەفەی مافەکان لە لایەن هیگڵەوە"

وەرگێڕانی بە عەرەبی گۆڤاری "النقطة " چاپی باریس ۱۹۸۳ .
وەرگێڕانی بە کوردی : سەردار عەبدوڵا حەمە
۲۹/۱/۲۰۱۹

هەوڵستی " لینین" سەبارەت بە ئازادی خۆویستی و هاوسەر

گیری چی بوو ؟ ... و: سەردار عەبدوڵا حەمە

لە ساڵی ١٩١٥یەکە لەو پرسیارانەی لە ‘لینین”کرا سەبارەت بە خۆشویستی و هاوسەر گیری بوو لە لایەن ژنە خەباتکاری بزووتنەوەی ژنانی جیهانیەوە “ئینیسا ئەرماند” کە دواتریش سەرجەم وەڵامەکانی کردە نامیلکەیەک بە ژنانی کرێکار سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان .

پاش وورد بوونەوە لە پرسیارەکە “لینین ” پرسیارەکەی بە جۆرێکی تر لە کرد : ئایا مەبەست لەم جودا کردنەوەی خۆشویستیە لە بەرژوەندیەیە ماددیەکان(پارە وسامان)؟ یا لە خورافات؟ یا زۆرداری باوکان ودایکان؟ یا لە خورافاتی کۆمەڵگا (داب ونەریتە کۆنەکان) ؟ یا لە تەسک بینی وورد بەرژواکان (جوتیاران یا پیشەسازان)؟ یا لە کەت و بەندی یاسا ودادگا وپۆلیس ؟یا لە جیدیەتی خۆشویستی؟یان ئامانجی منداڵ دروست کردن ؟یا ئەوەی بە ئازادانە خیانەت لە هاوسەر گیری بکرێت؟ ئەگەر وەڵام بەم پرسیارانە بدینەوە سێ خاڵی دوایی پەیوەندیان نیە بەم مەسەلەوە بە ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لە هەڵویستی کۆمۆنیزم تێ بگات لەم بارەوە ،دەبێ ئەوە بڵێین بە بە جیاکردنەوەی خۆشویستی لەمانە هەڵوەستەکە دوور دەبێت لە هەڵوەستی کۆمۆنیستی سەبارەت ئازادی خۆشویستی.

لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە خۆشویستی ڕاستەقینە نابەستریتەوە بە هیچ شتێکی ترەوە، ئازادی خۆشویستی بە مانای جیا کردنەوەیەتی لە ئامانجە مادیەکان (پارە وسامان)، لە خورافات لە هەر جۆرێکی بێت ، لە دوو ڕوویی ودرۆ کردن ، لە زۆرە ملێ ی باوکان ودایکان ، لە یاسا دژە یەکسانیەکان، بە مانایەکی تر ئازادی خۆشویستی ڕەها بە مانای هەڵبژاردنی هاوژین چ ژن بێت یا پیاو وە بەستنی گرێ بەست تەنها دەبەڵ لە سەر بنەمای خۆشویستی بێت وهیچی تر، ئەگەر ببەستریتەوە بە هەر شتێکی ترەوە ئەوە خۆشویستی نیە، هەر هاوژینی دروست کردنێک لە سەر بەرژوەندە ئابوریەکان بێت ئەوە سەرکەوتنی تیا نابێت، بە تایبەت ئەوە لە بەرچاو بگیرێت هاوژینەکە ت دەوەمە ندەو خاوەن پارەو سامانە لە کاتێکا ئەو کەسە هەژگری هیچ بنەمایەکی ئینسانی نیە بە هاوژینی پێک هێنان ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی درۆ ودووڕوویی و ستەم کردن، خۆشویستی ڕاستەقینە

پەیوستی بە ڕاستگۆیی وگۆڕینەوەی هاوسۆزی بە یەکتر هەیە .
لە خۆشەویستیدا دوو کەس بەشدارن بەڵام سێ یەمیش دەتە بوون ئەویش ژیانێکی نوێ یە، لەڕۆژەوە بەرپرسیارەتی دەبێتە ئەرک لە بەرانبەر مرۆڤدا (لە بەرانبەر منداڵی خۆشەویست وناوەکان وئەنجا لە بەرانبەر کەمەڵگاش) .

سەردار عەبدوڵا حەمە

لەزمانی عەرەبیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەمەش لینکی نوسینەکەیە :
https://bnibou3iyach3.skyrock.mobi/817ماڵپەڕی (سکایڕۆک)

کاتی بەدیلی کەمەنیستیە ! ... سەردارعەبدوڵا حەمە

لەووتارێکی پێشومدا باسی سێ جۆر چەپم کردوە لە بەرانبەر ئیفراندەمدا لێم بەشدا باسی بەدیلی کەمەنیستی دەکەم بە کەمەڵگای کوردستان کە دەکرێت هەرسێ لایەنی چەپ بەشدار بن لە بەهێز کردنی ئەم بەدیلە کەمەنیستیەدا بە گشتی وچەپی سێ یەم (چەپی کرێکاری یا کەمەنیزمی کرێکاری) بە تایبەتی.
کوردایەتی لەشەرمەزاری زیاتر هیچی تری نەبووە بە خەڵکی کوردستان ، هیچ شتێک نەبووە لە مێژووی کوردایەتیدا جێگای شانازی تاکی کورد بێت ، مێژووی ڕەشی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە هەمیشە باڵکی ناو ئەم بزووتنەوەیە پێش لەشکری کردووە بە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بە لەدانی بزووتنەوەی هەقخوازنەی خەڵکی کوردستان کە نەمانی ستەمی میللیە لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا .
بەشێکی تر لە مێژووی ڕەشی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە شەڕی ناوخۆیان لە پێناو دەسەڵاتی پاوانخوازیدا چ لە شاخ وچ لە شار بە درێژایی نیو سەدەهەڵگیرساندووە وبە دەیان هەزارکەسیان لە خەڵکی کرێکار زەحمەتکیشی کوردستان لە ناوبردووە ، ئەوکاتانەشی کە شەڕیان نەکردووە پێکەوە شیلەی گیانی ئەم خەڵکەیان مژیوە و خەڵکیان هەژارو برسی کردووە وخەیان دەوڵەمەندو تر تەسەل تەسەل

کردووە .

تەنها چەند فاکتەک بە ڕاستی ئەم قسانە لە مێژووی زیاتر لە نیو سەدەی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی عێراق(باشور) بەسە بۆ ناسینی ئەم بزووتنەوەیە ، ساڵی ١٩٦٦ تاڵەبانی هێزێکی دروست کرد بۆ ناوی جەلالی بووە پێش لەشکری سوپای عێراق لەولاشەوە هێزەکەی بارزانی بۆ ناوی مەلایيەوە بوونە دارددەستی شای ئێران تابوونە هەی ئاشبەتاڵەکی گەورە لە ساڵی ١٩٧٥. لە پاش شەرشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بارزانی هێزێکی دروست کرد بۆ ناوی قیادە موقتە بوونە کەوا سوری بێر لەشکری سوپای پاسدارانی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران .لە ساڵی ١٩٨٨ پارتی ویەکێتی وبزووتنەوە ئیسلامیەکان پێش لەشکریا ن کرد بۆ سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ داگیر کردنی هەڵەبجە وهەندە شوێنی تر ، لە ساڵی ١٩٩١ کە ئاپەرین کرا ئەم هێزانە بوونە دارددەستی ئەمەریکا وغەرب وئێردوگایەکیان بۆ خەڵکی کوردستان دروست کرد . ساڵی ١٩٩٦ لە ٣١ی ئابدا پارتی پێش لەشکری کرد بۆ سەدام وبۆعس بۆ داگیر کردنی هەولێروکورستان لە بەرانبەریشدا یەکێتی پێش لەشکری دەکرد بۆ ئێران بۆ شارەکانی کەرکوک وگەرمیان. لەساڵی ٢٠٠٠دا کاتێ کۆمەنیستەکان داوای سەربەخۆیان بۆ کوردستان دەکرد هێزەکانی یەکێتی پەلاماری کۆمەنیستەکانیان داو ٥ کەسیان لە تیرەر کردن . لە ٢٠٠٣دا کە سەدام ڕووخا ئەم حیزبانە بۆ زەر کوردستانیان لکاند بۆ عێراقێکی قەومی ودینی و تایفیەوە کە خاوەنی ڕەشترین سیناریۆ بوون .لەو کاتەوە تا ئێستا دەسەلاتی ئەم حیزبانەی کوردایەتی نموونەی خراپترین دەسەڵاتی مافیایی بوون و خەڵکی کوردستانیان برسی کردووە و ئازادیخوازانیان تیرەر کردووە ، دوا جار ئەم هێزانە پاش دژایەتی کردنی ریفراندەم سەرەنجام ملیان دا بۆ خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ریفراندەمکدا بەڵام باڵەکی تری ئەم بزووتنەوەیە یا باشتر بڵێم باڵەکی ناو یەکێتی نیشتمانی دەستی ئێران وعەبادی گرت بۆ شکست پێ هێنانی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان ڕەگەیان بۆ لەشکرکانیان دا لە ١٦ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ شاری کەرکوک داگیر بکەن .

ئێستاش وا خەریکە ئاگری شەڕەکی ناوخۆیی خەش دەکەن وبۆ بن بەست گەیشتون ، هیچ ئومێدیک نەماوە بەم هێزانەی کوردایەتی دەبێت ڕەگایەکی تر بکرێتەوە بۆ ڕزگاری خەڵکی کوردستان ئۆپۆزیشن ڕەگای چەپ وکۆمۆنیزم . تەنها بەدیلی کۆمۆنیستیە دەتوانێت خەڵکی کوردستان لە هەموو نەهامەتیەکانی دەربهێنیت . ئەوە بەدیلی کۆمۆنیستیە ١٤ ساڵە

ڕێگای بۆ خەڵکی کوردستان نیشانداوە بۆ ڕزگار بوون بەرام بە هەر بانەدەستی ناسیونالیزم وحیزبەکانی کوردایەتیەوە نەتوانراوە ئەم ڕزگار بوونە بێتە دی، ئەوە بەدیلی کۆمۆنیستی بووە دژی مانەوەی ستەمی میللی وکێشەی خەڵکی کوردستان بووە ڕێگای ڕیفراندەمی هەڵبژاردووە بۆ نەمانیان . ئەوە بەدیلی کۆمۆنیستی بووە دژی گەندەڵی و دزی وئاووڕووتی بەرپرسانی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە ، بەرام بە داخەوە ئەم بەدیلە تا ئێستا نەیتوانیوە ئامانجەکان بپێکە وببێتە جێ ی متمانەی خەڵکی کرێکار وزەحمتکێش وتواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڕچەند لە ساڵەکانی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٤ پاشان تا ساڵی ٢٠٠٠ وەک هێزێکی گەورە بوون وجێ متمانە بووبەرام لە و کاتە بە دواوە ئەم بەدیلە لە پاشکشەدا بووە هەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو فاکتەری بابەتی وخۆیی ، فاکتەرە بابەتیەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتی هێزەکانی کوردایەتی بە سەر تواوی کۆمەڵگا دیارە کۆمۆنیستەکانیش وەک بەشێکی کۆمەڵگا زیانیان پێ گەیشتووە ، فاکتەرخۆیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان ونەخشەو تاکتیکی پێویست ،وکارو پراکتیکی گونجاو لەلایەک وە لە لایەکی تریشەوە پەرش بلاوە پەکردنی هێزەکانی ئەم چەپە و وازهێنانی زۆرێک لە کادیرەکان لە کاری حیزبی وەکخراوەیی بووە .

لە ئێستادا هەردوو فاکتەرەکە خەریکە بەهێز دەبن وقایرەسی بە هێزی کۆمۆنیزم بەرەو لە ناوچوون دەچێ لەووی بابەتیەوە کوردایەتی فشەڵی هێناوە لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک دا و وەک دەورانی پێشووش یەک دەست نین بە داسەپاندنی سەرکوتی کۆمەڵگا بە کۆمۆنیستەکانیشەوە. لەووی فاکتەری خۆیشەوە هیچ کات کۆمۆنیستەکان وەک ئێستا یەک دەست نەبوون لە ووبەرووی بونەوەی کێشەیەکی گەورەی خەڵکی کوردستاندا جگە لە سەرجەم حیزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق وئێران وکوردستان هیزگەلی کۆمۆنیستی وچەپی تریش هەبون هاوکار بووون لە بەیار دانی چارەنوسی خەڵکی کوردستاندا لە ریفراندەمکی ئازاددا ، دەبێ ئەمە بە هەند وەرگیرێ هەول بدرێ هەماهەنگی زیاتر بکرێ بە کارکردن بە بەهێز کردنی بەدیلی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا . پێویستە هاوکاریەکان لەجیکی ومادیی ومەعنەوی بن ، دەکرێ هاوکاری ئعلامی بن تەلەفزیۆن وکەناڵەکان و ڕۆژنامەکان بخرێنە گەڕ بە بەهێز کردنی ئەم بەدیلە یا دەبێ هەوڵ بدرێت ئەم بەدیلە لە کوردستان ببێتە خاوەن کەناڵەکی ئاسمانی خۆی ، ئاکۆشانی پشتیوانی سەندیکا کرێکاریەکان وهێزە چەپ وئازادیخوازەکانی دونیا بۆئەم بەدیلە یەکە تر لە ئێرەکانی کۆمۆنیستەکان بێت ، هەوڵدان بۆ ڕێکخراو کردنی کرێکاران وخەڵکی

کوردستان لە ڕێکخراوی سەربەخۆی خوێندا وەک کاری تێنی کۆمۆنیستەکان بخرێتە دەستوری جێ بەجێ کردنەوە هەموو بە ئەم مەبەستە بچینە مەیدانەوە .

ئەم کۆمۆنیستەکانی کوردستان وناوچەکە دەکرێت هەموو پێکەوە کار بکەین بۆ ئامانجە دوورو نزیکەکانی ئەم بەیلە کۆمۆنستیە کە ئامانجی لە ئێستادا چارەسەری کێشەی خێکی کوردستان وداڕزاندنی دەسەڵاتێکی سەکیلارە ولە ئایندەشدا شۆڕشی سۆشیالیستیە وداڕزاندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد ویەکسانە .

سەردار عەبدوڵا حەمە
٢٩/١٠/٢٠١٧

سێ جۆری چەپ لەم ڕوانگەمەوە
… سەردار عەبدوڵا حەمە

ئامانجی مارکسیزم نەهێشتنی ستەمی ئینسان لە سەر ئینسانە ، هەرجۆرە ستەمکیش سەرچاوەکەی ناکۆکی چینایەتیە ئامانجیش لەو ستەمە بەهەرماند بوونی بورژوازیە لە سەروت وسامان لە ڕێگای کۆکەی سەرمایەو زێدەبەهاوە (فائض قیمە) لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا ئەمش بەهۆی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتیەوە دەبێ ، بورژوازی بۆ ئەم ژیرخانە ئابوریەی پێویستی بە دەوڵەت وئایین وخێزانە . مەبەستی من لێرەدا نیشاندانی تێوانینی چەپ وکۆمۆنیزمی مارکسە بە نەمانی ستەمی ئینسان لە سەر ئینسان لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆمەوە لە مارکسیزم . بورژوازی بە بڕی هاتنی ئامانجکانی پێوستی بەچەندین ستەم هەیە لە سەر کۆمەڵگا جگە لە چینی کرێکارستەم دەخاتە سەر هەندی چین توێژی کۆمەڵایەتی تر بەیە ئەرکی چینی کرێکار تەنها ڕزگار کردنی خۆی نابێت بەڵکو ڕزگارکردنی تەواوی کۆمەڵگایە جا هەرکەس وچین وتوێژێک لەگەڵ بەرنامەی مارکسدا بێتەوە بۆ ڕزگار کردنی هەر بەشێکی کۆمەڵگا جگای پشتیوانی دەبێت .

چەند ستەمێک هەیە کە لەدەرەوەی کارگا وکارخانەکان وئیدارەکاندا

هەن وەک ستەم لە سەر ژن ،لاوان ، منداڵان ستەم لە سەرەنگی پێست ،هاوڕەگەز، ژینگە ، ستەم لە سەر زمان ومیللەت..هتدا . مارکسیزم زانستێکە بۆ ڕزگاری ئینسان لە سەرجەم ئەم ستەمانەو ستەمی چینایەتیش .
ئەوانەی بە ناوی مارکسەوە لەدوان ئەدەن قسە ئەکەن بۆ ڕای من سێ جۆرن : یەکەم ئەو چەپانەن کە تەنها خەباتی چینایەتی واتە ڕزگار کردنی کرێکار یا پرۆلیتاریا بە پێویست دەزانن ستەم لە سەر کەمینەگا وەک مەسەلەی میللی وژنان ولاوان وژینگە ورەنگی پێست دەسپێرن بە بورژوازی وبە ئەرکی خەیانی نازانن
. دووەم: بەشێک لە چەپ هەن وازیان لە خەباتی چینایەتی هێناوە رزگار کردنی پرۆلیتاریاو بەدی هێنانی کەمینەگایەکی یەکسان دەسپێرن بۆ ئایندەیەکی نادیار بەیە ئەرکیان لە چوارچێوەی ریفەرمەکان دەرناچێت وشێشی سۆشیالیستی لە پراکتیکدا بە پێویست نازانن .
سێیەم : ئەوبەشەیە لە چەپ کە زیاتر بە چەپی کرێکاری یا کۆمۆنیزمی کرێکاری دەناسرێت وەک درێژە پێدەری هێڵەکانی مارکس ولینینە ئەم بەشە بە پێچەوانەی هەردوو بەشەکە پێشوو ئەرکی نەمانی هەموو جۆرە ستەمکارێ لە سەر ئینسان ،بە ئەمەش هێگا وتاکتیکی خەی دەبێت تا بەسەرنجام گەیاندنی ئەرکە مێژوویەکەی خەی کە ڕووخانی سەرمایەداری وبەدی هێنانی سۆشیالیزمە .هەردوو بەشی یەکەم ودووەمی چەپ کەشکانی کەمینەگا ڕائەسپێرن بە سۆشیالیزم یا ڕائەسپێرن بە ڕیفەرم،هەردووکیان هێڵەن لە ڕووی مێژویی ومیتۆدی مارکسەوە ، هێندە کەشە هەن پەیوەندی بە کەمینەگای بورژوازیەوە هەیە لە شێشی گەورەی فەرەنسادا چارەسەرکران وەک نەمانی ستەمی میللی ویەکسانی ژن وپیاوەو وەکردنی دین بە ئەرکی تاک بێنام لە سەردەمی ئەمێدا بورژوازی وازی لەم چارەسەرانە هێناوە پێویستی بە مانەویان هەیە بەیە بووەتە ئەرکی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان وئیمکانی چارەسەریان هەیە لە ناو کەمینەگای بورژوازیدا وەک هێگا چارەی فەوری ودەست بەجێ کە دەکرێ بەشێک لە بورژوازییش لەم چارەسەردا بەشدار بێت بێنام بە ئامانجی خەی .

بۆئەوەی ڕوون بێت نموونەیەک باس دەکەم کاتێک کەسێک بەهەی کارەساتی ئەتۆمبیلەوە تووشی خوێن بڕبوون دەبێت تۆ دەتوانی چارەسەری بکەی بە بەستنی بڕینەکەی پێویست نەکا ببڕێت بە نەخۆشخانەش بێنام بە ڕووداوە سەختەکان لەوانەیە چارەسەکەی تۆ ئەوندە پێویست بێت تادەگاتە نەخۆشخانە .خۆ ناکرێ من بڵێم با نەچم بۆ هانای ئەو کەسەوە لە ئێستادا ئەوە ئەرکی من نیە ئەرکی دوکتورو نەخوشخانەیە یاخود بڵێم تەنها بۆ پێچانەوە و بەستنی

بـرینـکـی چارسـەر دەبـێت پـەیوەستی بـە نـەخـشخـانـە نـیـە لـە هـەمـوو حالـەتـکانـدا ، بـەیـە ئـەم دووانـە هـەردووکیـان دوورن لـە لـەژیکـەوە .ئـەوە ی لـەژیکـە دەبـە چارسـەری سـەرەتایی بکەی وئـەنجـا ئـەگـەر برینـکـی سـخت بوو بیـبـی بـە دکـتـەرو نـەخـشخـانـەش . بـەیـە دکـرێ زەر ئامانج بـەدی بـێت لـە ناودەی کـەمـپـگای بورژوازیدا وەک دەوڵـەتی سکیـلارو نـەمانی کـشـەی میللی وستـەمی ڕەگـەزی و کـشـەی هاورگـەزکان وبـەشـک لـە کـشـەی ژنـان چـونکـە لـەرووی مـێژووەوە پـیـوەسـتن بـەم کـەمـپـگایـەوە بـەڵام هـەندـە ئامانجیش هـەیـە مـحاڵـە لـە چوارچـێوەی سیستـەمی بـەرژوازیدا بـەدەبـێت وەک ئازادی و یـەکسانی ئینسانـکان چونکـە ئـەم ئامانجـە بـەدی نایـێت بـەبـێ ووخانی دەوڵـەتی سـەرمایـداری ونـەمانی خاوەندارێتی تایبـەتی وکاری کرێگرتـە.
لـەڕدا دـکرێ هـەردوو جـەرەکـەی چـەپی ناکرێکاری ڕەگـەر بن لـە بـەردـەم هـەر ئـاوگـەڕـکدا کـە بـەسـەر کـەمـپـگادا دـێت بـەشـکیان لـێو کاتـدا دـەبنـە ڕەگـەرکـە چارسـەرـە سـەرـەتای یـەکان دـکرێ بـە گرفتـە ئینسایـەکانی کـەمـپـگا بـەشـکی تریان لـێو کاتـدا ڕەگـەر دـەبن کـە خـەریکـە ئـاگوڵـەکی ئـیشـیـی ووددـا وەک شـۆشـی سـۆشیالیسـتی ، لـە ووی پـەگـەی چینایـەتیـەوە هـەردووکیان سـەر بـە تـوێژی ناوـەندن یان ووردـەبـەرژوازین لـەووی سیاسی وفکریـەوە دـەبنـە پارـەزەری ئـەم تـوێژـە کـەمـایـەتیـە وەک مـارکس دـەڵیـێت لـە بـەرژوازیـش کـەنـەپـەرسـتـترن چـونکـە دژی هـەر گـەڵانکاریـەکی مـێژووین . هـەرکـەس مـێژووی شـۆشی ئـەکتـەبـەری ـوسیای خوینـدبـێتـەوە ئـەم دووجـەرـە چـەپـی بـینـیـوـە کـە لـە هـەر ئـاوگورـکـدا بـەشـکیـان بـوونـە تـە کـەسـپ وـەڵگـر لـە بـەردـەم خـەبـاتی لـینـین وبـەلشـفیـکاندا .

لـەیـفراندـەمـکـەی کوردستاندا هـەرسـە جـەری چـەپ دـەرکـەوتن ئـەوچـەپـی کـە چارسـەری کـشـەی میللی بـە ئـەرکی خـەی نازانـێت بـە بیانوو وتـەبـریراتی شکست خواردوو تا توانی ڕەگـەری کردووـە وـە بـە کردـەوـە دیفاعی لـە لـەفیـدراـیـزم ومـانـەوـەی کـشـەکـان دـەکـات وـە جـەری دووـەمـی چـەپـیـش پشتیوانی لـە ریفراندـەمـکـە کردووـە بـە هـەمان ئـەجـەندای بـەرژوازیـەوـە وـە جـەری سـە یـەمیش پشتیوانی لـە ـیفرنادـەمـکـە کردووـە بـە ئـەجـەندای خـەیـەوـە بـە دوور لـە دـەست تـەکـەڵ کردن لـەگـەڵ بورژوازی وخـە بـەستنـەوـە بـە ئاسـەوئامانجـەکانیـەوـە ، وـە هـەر ئـەستایش کـار دـەکـات بـە ئـەم ئاسـەوئامانجانـەی خـەی کـە بـەکارـەـنـانی دـەنگـی بـەڵـە ی خـەڵـکـە بـە سـەربـەخـۆی نـەک بـە هیچ شتیکی تر بـە ئـەوـە ی کـشـەی خـەڵـکی کوردستان چارـەسـەر بکرـێت .

سـەردار عـەبدوـا حـەمـە

١١/١٠/٢٠١٧

"بۆلشۆفیزم" و"کۆمۆنیزمی کرێکاری" لە ڕووبووونەوەیەکی هاوشێوەدا! .. سەردارعەبدوڵا حەمە

"مێژووی ئێو تاقم ودەستانەی سۆشیال دیموکرات کە بە دژی حیزبمان وەستاونەتەوە بە گشتی مێژووی پاسیفیزم وتێک شکاویە ، لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩١٢ ئەم تاقمەو دەستانە کەبونەوە لە دەوری یەکتر و دواتردەستیەکیان ڕاگەیاند لە ئابی ١٩١٢بە ناوی (دەستەی ئاب) ئەم دەستەیە بە ئێوە پێک هات کە گورز لە حیزبمان بوشنەبڕام بە هەوڵی حیزبەوە خەی گورزی بڕکوت بشکیان لەی جیابوونەوە ونەیانتوانی حیزبیش دامزرێنن وتانانێت نەیانتوانی کۆمیتەیەکی ناوەندیش دروست بکەن تەنها توانیان کۆمیتەیەکی ڕێکخستن دامزرێنن بە کۆکردنەوەی ئێو دەستەو تاقمانە بە جاری دووەم" (لینین- الاشتراكية والحرب – موقف حزب العمال الاشتراكي الديموقراطي الروسی من الحرب-ل٥٦- الدارالتقدم).

ئەمەش هەندە دەستەوگروپ وکەسایەتی هەن کە خەیان بە چەپ ومارکسیست دەزانن هیچ قسەکەیەکیان لە سەر هیچ شتێکی تر نیە لەو هەموو گێژاوی کە حیزبە قەومی ودینیەکان لە عێراق و کوردستان بە خێکیان دروست کردووە هەموو کاتی خەیان داناوە بە دژایەتی کردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بڕانبڕ تاکتیکێک کە ئەمڕۆ بە عەمەلی دەیەوێ ئەنجامی بدات ئێویش چارەسەری کێشەیەکی خێکی ستەم دیدەی کوردستانە کە سەد ساڵە پێوی دەناڵێنە لە ڕێگای ڕیفراندەمەوە بە سەربەخۆیی بەنام ئێو تاقمە و دەستانەو کەسایەتیانە هەرچەندە هەریەک بە جۆرێک بیر دەکەنەوە کە لەگەڵ یەکتریشدا لە سەرزار

مەسایل ناکۆکن و پێم وانیە بتوانن هیچ هێزێک یا رێکخراوە وحیزبێکیش دروست بکەن یا تەنانەت ناتوانن کۆمیتەیەکی هاوبەشیش بۆ بە عەمەلی کردنی هەوەستەکیان دروست بکەن لە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئابوونستن ، تەنها هێزی ئەمان لەو لیبرالیزمی گەلان وەشنبیرکانیەتی کە هێزکی جەماوەریان هەیە . هەروەک ئۆکاتی روسیا هێزی دەستی ئاب لەپیوندیە لیبرالیزمکی " ناشا زاریا" بووکە کاری جەماوەری دەکرد وەک لینین لە هەمان سەرچاوەدا باسی دەکات.

بە ئۆی ووونتر بێت دەستی ئاب یا گروپی ئاب لە روسیا چی بوو چاکترە بچینە پەراوێزی کتێبکی لینین کە چەن باسی دەکات وە کەسی یەکەمی ئەو دەستە یەش "تروتسکی " بوو کە ئەمەش بەشکی ئەو دەستە وتاقمانەش کە دژایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکەن خەیان بە لایەنگری تروتسکی دەزانن ، لە لاپەڕەی ٧٤ ی هەمان سەرچاوە هاتووە " ئەم دەستەیە کە تەنها بە دژایەتی کردنی حیزب پێک هات لە لایەن تەصفویەکان ن وتروتسکیەکان و ئۆپورتۆنیستەکانەوە بوو تەنها کاریان دژایەتی کردنی بەلشەفیزم بوو ، تروتسکی ێکخەری ئەم دەستەیە بوو ، لە مانگی ئابی ١٩١٢ لە قیەنا ئەم گروپە راگەیانرا ، ئەوانەی بەشداری ناو ئەم گروپە بوون پێک هاتبوون لە ئەنجومەنی گشتی بەند وکۆمیتەی ناوچەی پشتەوەی قەفقاس وسەشیال دیموکراتەکانی هەرەمی لاتفی ونوەنەرێک لە دەستە بچوکەکانی دەرەوەی ووڵات کە لە گەڵ تەصفویەکان بوون و تروتسکیەکان و پاسیفیستەکان وهەندە دەستەی بچوک لە ناوەوەی روسیا کە لەگەڵ قاعیدەی حیزبدا نەمابوون ، پاش سالێک تا ساڵ نیوێک ئەم گروپە هەوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند بە هەوە توانای بەلشەفیکان تێکشکا ونەما"
هەوەک چەن لەمەدا دەستەو تاقم وکەسانی خە بە کۆمۆنیست زان تەشهیرو سوکایەتی بە کۆمۆنیزمی کریکاری دەکەن بەیاریان داوە تا سەر دژایەتی ئەم تاکتیکەی ریفراندەم بکەن گروپی ئابی ئەو کاتەش چەند بریارێکیان دەرکرد دژی تاکتیکەکانی سەشیال دیموکراتەکان وەک لەهەمان سەرچاوەدا باسی لەوە کراوە . ئەگەر چی ئەمان ناتوانن کەسکی وەک تروتسکی کەیان بکاتەوە وگروپێک یا رێکخراوێک دروست بکەن کە ساڵێکیش بخایەنی.

لە هەمان سەرچاوەکەی لینین دا لە لاپەڕە ٥٧دا هاتووە دەڵێت" لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤دا سەشیال دیموکراتەکانی لاتفی لەو گروپە بە فەرمی کشانەوە ،سەشیال دیموکراتەکانی پەلەنیکان پەشیمان بوونەوە لە بەشداری کردن لەو گروپەدا ، تروتسکی بە نافەرمی کشایەوە کە

خۆی سەرکردەی سەرەکی بوو تەدا وە هەستا بە پێکهێنانی گروپێکی تر کە تایبەت بوو بەخۆی لە بڕکسل لە تەموزی ساڵی ١٩١٤ لە پاش ئێنجامدانی کۆنفرانسێک کە کاوتسکی وفاندرفلدە و کۆمیتەی تەنفیزی سوشیالیستی نێو نەتەوەیی بەشداریان تێدا کرد ئەم گروپەش هەر بە دژایەتی کردنی ئەمە پێک هات ناوی گروپی (بڕکسل) بوو. ”

ئاکامی ئەو هەوڵ وتێکۆشانەی ئەو تاقمە وەستانە لە ڕوسیا بە کۆ گەیشت پێم وایە ئەمەش هەروا دەبێ ، ئەگەر هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری جیددی وشۆڕشگێر بن وەک بەڵشەفیکان .
کۆمۆنیزمی کرێکاری کە درێژ کراوەی خەتی بەڵشەفیزمە ئەمڕۆ تاکتیکی خۆی بە ڕوونی بەیان کردووە کە ڕەفراندەمە بە چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان وە کاری بەرنامەیی خۆی ئەنجام دەدات کە لە ناو بەرنامەکەی “یەک دونیای باشتردا” هاتووە ،(وەک ئەو تاقمە وەستە و کەسانێ نیە کە بە بەرنامەن) بەڵام بە هیچ جۆرێک خۆش باوەڕی نیە بەو دەسەاتەی کە ئێستا لە پشت ئەو ڕەفراندەمەیە وە هیچ جۆرە هێکۆتنێکی سیاسی لەگەڵ دەسەاتدارانی کوردستان (هەروەک ئەوکەس وەستە وتاقمانەی چەپ لە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاری پروپاگەندەی بە دەکەن) نەکردوە بەڕام دەخاڵەت دەکا لەو ڕەفرندەمەدا وەک ئەوەی کە مافی خەڵکی کوردستانێ بە چارەنوسی خۆی وە ئەم دەخاڵەتشی بەم شێوەیە و جیا لە حیزبەکانی دەسەات هەر لە بەر نەبوونی خۆش باوەڕیەتی پێ یان ونەبوونی متمانە یە پێیان وەدیەوە هێگا بگرێ لەوەی ئەم دەسەاتە ڕەفراندەمەکە بەمبەستی خۆی بە کار بێنێ بەکو دەبێ بە خواستە سەرەکیەکە بێت کە ڕزگار بونی خەڵکی کوردستانێ لە کێشەیەکی سەد ساڵی خۆی .

سەرداری بدوڵا حەمە
٢٨/٨/٢٠١٧

بە هاوڕێیانی بەڕێی “نێخێر”ی کۆمۆنیزمی کرێکاری ! … سەردار

عەبدوڵا حەمە

چەند هاوڕێ یەک سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری(چ ئێوانێی لە ناو حیزبەکاندان یا لە دەرەوەیان) بوونەتە ئەکتیڤیستی" نەخێر" بە ڕێفراندەم و وە زیاتر لە ماڵپەڕە کوردی وعەرەبیەکان وتەنانەت کۆمەڵایەتیەکانی تر بە تایبەت لە فەیسبووک دەر دەکەون .
هەی سەرکی"نەخێرکە"ی ئێوان دەگەڵتەوە بە ڕاگەیاندنی بانگەشەی ئەم ڕێفراندەمە لە لایەن ناسیونالیزمی کوردیەوە و بەتایبەتی لە لایەن بارزانی و پارتیەوە ، بۆیە لەڕەوە ئێوان چوونەتە سەنگەری" نەخێر"ەوە هاوشانی خاوەن "نەخێر "ە کانی تر دژی "بەڵێ" کان ڕاوەستاون بە ئەجێندای جیاوازەوە بەڵام سەرئەنجام بە یەک ئامانج کاردەکەن ئەویش سەرنەگرتنی ئەم ڕێفراندەمەیە ، هەرچەندە زۆرێکیان دەڵێن: ئەمە نە لەگەڵ :نەخێر"ین نە لەگەڵ "بە ڵێ" بەڵام من وای نابینم چونکە ناتوانرێ بڕێی سێیەم بوونی هەبێت لە گەڵ ڕێفراندەم بێت ئەوە لەگەڵ "بەڵێ" بە ڕێفراندەمی ، بێ ی لەگەڵ "نەخێر"کانیش نیم هەر ئەچیتە بڕێی "نەخێر" بە ڕێفراندەم ئەگەرچی تە لەوانەیە هەر باوەرت بەڕیفراندەم نەمابێت یا باوەت بەخەباتی یەک پارچەیی چینی کرێکار بێت یا تەنها سۆشیالیزم بە چارەسەر دەزانی ئەوا هاوشانی چەپی ئایدیلۆژی گەرا وپاسیڤیست و جوانەوەی نەخێر وبزووتنەوەی گەلان وکۆمەڵی ئیسلامی ، عەبادی ومالیکی وجمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا وسەرمایەداری جیهانی لە یەک ئاوەنداە هەموتان یەکتر دەبینن هەموتان ئامانجتان یەک دەگرێتەوە لەوەدا شکست بەم ڕێفراندەمە بێنن وە ئەم ڕێفراندەمە نەکرێ . لەولاوە ئێوانەی ئێمەن بڵێی کە بەشکی زۆر لە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانن لە گەڵ شوعیەکان و حیزبە ناسیونالیستەکانی وەک پارتی ویەکێتی و..هتد هەموو بە شوێن ئەوەوەن کە ئەم ڕێفراندەمە بکرێت و بە بەڵێ بە سەربەخێیی دەنگ بدەن ئەمانیش لە یەک ئاوەنداە یەکتر دەبینن بەڵام بە ئەجێندای جیاوازەوە . ئیتر ئەگەر ڕێفراندەم تەرازوو بێت کەشانە یان بکەین بەچوونەکان لەم دوو بڕیە زیاتر ناچنە هەردوو تای تەرازووکەوە وە لەو دوو بڕیە زیاتر نیە ، هیچ کەسێک خەی ڕەنگ نەکات بە ڕەنگێکی تر بڕەی سەم تەنها وەهمە و دەکرێ تەنها لە زهنی کەسکاندا بێت ناچێتە ناو واقعیەتەوە .
ئەگەر ملدانی پارتی و بارزانی بەم ڕێفراندەمە بە هانێیە بە ڕاوەستان لە بڕانبەر ئەم ڕێفراندەمەدا خ ئەمە هەموو پێکەوە یەک دەست بووین لە زۆر کارو تاکتیکی لەم چەشنەدا ئەی خێرە وا ئەستا

یەک دەست نین لە بەر ئەو بیانووە .
من چەند نموونەیەک باس دەکەم بۆ ئەو هاوڕێیانە کە پێکەوە لە هاوشێوەی وەک ئێم ڕیفراندەمدا پێکەوە بوویین بەوبیانووی لەم چەشنە لە ئارادا نەبوو:
١- بەهاری ساڵی ١٩٨٧ لەهەڵەبجە خەپیشاندان و ناڕازایەتیەکی گەورە ئەنجام درا لە دژی حکومەتی بەعس کە تێیدا بەرەی کوردستانی و ئیسلامیەکان وئاڵای شۆڕش وئێمە کەمۆنیستەکانیش چالاک بووین تێیدا هەموویەکمان دەگرتەوە بۆ خواستەک ئاوێش خەڵکی ئەو گوندانەی بەعس چەکی کردبوون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

٢- ساڵی ١٩٩١ ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان وحیزبە ناسیونالیستەکانی بەرەی کوردستانی بڕیارمان کرد لە ڕاپەڕین بۆ ڕاماڵینی حیزبی بەعس لە کوردستان .
٣- ساڵی ١٩٩١ کاتێ ئەمریکا و هاپەیمانەکانی هێرشیان کرد بۆ سەر عێراق کۆمۆنیزمی کرێکاری دژی ئە هێرشە بوو ئێمە هەمان هێڵویستی حیزبی بەعس بوو واتە ئێمە وبەعس دژی ئەو هێرشە بووین.
٤- بۆ گەمارۆی ئابووری لە سەر عێراق ، کۆمۆنیزمی کرێکاری شان بەشانی هێزە چەپ وئازادیخوازو ئینسان دۆستەکانی جیهان دژی ڕاوەستاین لە هەمان کاتدا حکومەتی بەعسیش لە دژی بوو..
٥- لەڕیفراندەمەکەی ١٩٩٥ و ٢٠٠٥ کە بەجگە لە کۆمۆنیستەکان بەشێک لەناسیونالیستەکان و شاعیر ونوسەرە پێشکەوتوازوئازادیخوازەکانمان لەگەڵ بوو وەک شیرکە بەکەس لەگەڵ هەموو ئەوانە پێکەوە بووین هەموو دەمان ووت بەڵێ بۆ ریفراندەم وبۆ سەربەخۆیی.
٦- لە خەپیشاندانەکانی ١٧ ی شوبات ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان لە گەڵ گەڵان وئیسلامیەکان دژی گەندەڵی و برسیەتی وهەژاری پێکەوە کارمان دەکرد تەنانەت هەموو پێکەوە دەمانووت بۆوخە دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی.
٧- لە ناڕازاتیەکانی مامۆستایان بۆ هەمان شێوە .

کەچی ئەو کاتانە هیچ کام لە ئێوە دیار نەبوو پەمان بەت پاشکۆی ناسیونالیستەکان وبەعس وئەمریکان یا پاشکۆی سیاستەکانی گەڵان ئیسلامیەکانن وە شۆڕن سیاستی ئەوان کەوتوون، بەنام جارجارە حیزبە بورژواکانی کورد پێ یان دەووتین پاشکۆی بەعس وتابووری پێنج ، من پێم وایە ئێم سوونەتی ئێمەی ئەوەش جیاواز نیە لە م سوونەتی ئێم باسی بورژوازی کورد .
چەندین جاری تر هەبووە هەمان تاکتیک تەرح کراوە لەلایەن ڕابەرانی

کۆمۆنیزمی کرێکاری ومانسور حیکمەتۆو هیچکام لەئێوە دژی نووستاونەتوو . کاتێ مانسور حیکمەت ووتی ناوچەی ئەمنی دانان لە سەر خەڵکی کوردستان لە لایەن هاوپەیمانانەوە بەزیانی خەڵک تەواو دەبێ ،حکومەتی بەعسیش هەر وای دەووت ودژی بوو،ئێوە نەتان ووت مادام بەعسیش دژیەتی ئەمە دەبێ بەڵێن بەڵێی بە ناوچەی ئەمنی . کاتێ مانسور حیکمەت بەمبارانی تاڵیبانی مەحکوم نەکرد واتێ لەگەڵ هاوپەیمانان بێ شوێن ئێوە بوو تاڵیبان نەمانێ هیچکام لە ئێوە نەتان ووت بە مانسور حیکمەت شوێن کۆتوی سیاسەتی هاوپەیمانانی غەربی وە دیفاعتان لە ئێو دەکرد ئێگەر هەرکەسیش وای پێ بووتایە .

زۆر نموونەی تری هاوشێوە هەن لە شێشی ئێران وەوسیاوجەنگی ئەهلی فەرەنسا کە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ چەند بەشی بورژوازی دژی دەسەڵات جەنگاون پێکەوە.
بەڵام ئێوە بۆچی بە هەمان تاکتیک وەک ئێو نمونانەی باسم کردن هەڵوێستەکی ترتان هەیە؟بۆچی بە کەستان نەووت شوێن کۆتوی سیاسەتی هاوپەیمانان و ئێو دەوڵەت وحیزبە قەومی و ئیسلامیانانێن ؟. کۆچی ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد ملی داوە بەو ڕیفراندەمی کەسیاسەت و تاکتیکی ئەمە وئێوە بوو بە چارەسەری مەسەلەی کورد کۆچی ئێوە دەڵین لە بەر ئێوەی بارزانی و پارتی ویەکێتی بانگەشەیان بەکردوە هەڵوێستیکی ترمان دەبێ بە ئەمەیش دەڵێن شووێن کۆتوی سیاسەتی پارتی وبارزانین ! کۆچی جاران لە بەر ئێوەی حیزبی بەعس دژی گەمارۆی ئابوریە نەتانووت بەڵێ بە گەمارۆی ئابوری یا نەتانووت لە بەر ئێوەی گەڵان وئیسلامیەکان بەشدارن لە ١٧ ی شوبات ئێوە بەشداری ناکەن…هتد دیارە من هەڵوێستی ئێوکاتانەتان بێ دروست دەزانم وهاوتەریب بوو لەگەڵ سیاسەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری یا بەیم سیاسەتی ئێوتان پیادە دەکرد بەڵام ئەمڕۆ نا.
ئەی چۆن ئێستا وەک جاران بیر ناکەنەوە تێ بەیی ناسیونالیزمەکەی ئەمڕۆ جیاواز بێت لە ناسیونالیزمەکەی جاران یاکۆمۆنیزمەکەی ئێوە جیاواز لە کۆمۆنیزمەکەی جاران ؟
بۆچی چارەسەری مەسەلەی کورد گرێ دەدەنەوە بە ڕووخانی بارزانی ودەسەڵاتی ناسیونالیستی لە هەرێمی کوردستان ؟ کوا مانسور حیکمەت لە تەرحەکێیدا بێ ئەم مەسەلەیە وبە ڕیفراندەم وای ووتووە ؟ کواپێشمەرجی ئێوەی هەبووە پارتی یەکێتی نەمێنن ئێنجا ریفراندەم بکرێ ئێو دەیووت بە ریفراندەم ناسیونالیزمی کورد تێریک دەبێتەوە یا ئەمە بۆچی وەک گەڵان ڕیفراندەم گرێ دەدەنەوە بە گوێینی بارو گوزەرانی خەڵکی کوردستان ؟ بەڵام ئێوە ئێوە نابینن کە ئەمانە خواستی ترن ڕەژانە دەبە خەباتیان بێ بکرێ ؟. ئەی بە دژی ئێوەن

ئەگەر یەکە لە خواستەکان بێتە دی ناتانەوێ ئایا ئەمەیە تاکتیکی کۆمۆنیستیتان ؟ کوا کۆمۆنیستەکان وا کاریان کردووە ؟ ئەگەر ئەم دەسەلاتە بێی مووچە ئەدەم لەکاتی خۆیدا بە خانە نشینان ئایا ئێوە دەیین نامانەوێ لە بەر ئێوە ی سەربەخۆیی و کاربا وئاویشمان دەوێ ؟ وا نازانن چونکە مۆنتیق نیئەی پێتان باش نیە یەکە لە کۆشکان نەمێنێ کە مەسەلەی کورد بێت یا مووچە بێت یا کاربا ئێوە کەی ئاستە بەم هی پارتیە نامەوێ ئێو دەسەاتە دەیدا نامەوێ، ئاست نیە هەر بەم تا نەووخێ ئێو دەسەاتە هیچم ناوێ . ئەمە تاکتیک وهەویستی دروست نیە . بەرژوەندی خەڵکی کرێکار وزەحمەتکیش و خەڵکی کوردستان دەبێ بێپە ی هاوکیشەی سیاسیەکان دیاری بکەی وتاکتیکی بە دابنێ کۆمۆنیستەکان خوازیاری باشتر کردن و زیاتر بێدی هاتنی ئێو بەرژەوەندیانە ن کە سەربەخۆیش یەکە لەوانیە. هەر بۆیە ئەمە دەیین بێت بە ڕیفراندەم وبە سەربەخۆیی چونکە لە قازانج و بەرژوەندی خەڵکی کوردستانە وبە ئەم مەبەستەش دەبێ هەنگاوی عەمەلی بنێین. بەڵام ئەوە ئەمە بە جۆرێکی تر دەبینن ، جگە لەوەی هەوەستەکی جیاوازتان هەیە بتانەوێ و نەتانەوێ چوونەتە پاڵ چەپە ئایدیەلۆژی گەراکان وچەپی پاسیفیست وهەروەها چوونەتە ناو سەنگەری هەموو نەخۆڕ بورژوایەکانی تریش . من وای دەبینم .

سەردار عەبدوڵا حەمە
١٨/٨/٢٠١٧

سۆشیالیزم وچەپی ئایدیەلۆژی گەرا ! … سەردار عەبدوڵا حەمە

لە سەرو بەندی هاتنە کایەوەی ڕیفراندەم دا چەپێک کە خۆی لە ژێرپەردەی تاریکدا شاردبووە لە بەرانبەر کۆمەیزمی کرێکاریدا ووی خۆی دەرخست وکۆتە لەمە وتانەدان لە دەخالەتی چالاکوان وحیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم ریفراندەمدا گوایا دەستیان شتوە لە سۆشیالیزم وبوونەتە ناسیونالیزم ولەوش خراپتر بوونەتە پاشکۆی پارتی و بارزانی .

ئەگەر سەرنجێک لە نوسین وکۆمەنتەکانی ئەم چەپە بدەی زۆربەیان بە زمانێک کە پێیەتی لە ووشەی ئینگلیزی وە بە زمانێکی زۆر قورس وشک وئاڵوزدەنووسن وترش خۆ ی ئەکەن بەسەر بەچونەکانیان کە دەکرا خەیان لەوە بپارێزن و بە زمانێک بنوسن زۆربەی خەڵک لە ی تێ گەیشتبا ئەم کارەیان بۆیە نەکرد چونکە پە یان وایە بەم شێوەیە دەتوانن بیسەلمێنن زیاتر لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم گەیشتوون .

زۆرێک لەم چەپە پە ی وایە کۆمۆنیستەکان کاریان بە سەر مەسەلەی میللیەوە نیە وئەوە کاری بۆرژوازیە لە پێناو بازاڕو سەرمایەگوزاریدا دەیەوە دەوڵەتی سەربەخۆی قەومی دروست بکات واتە ڕێک وەک ئەو سەردەمە پێناسەی بۆرژوازی دەکەن کە تازە قۆناخی فیودالی تەواو بووە لە ئەوروپا وەک ئەو سەردەمەیە کە هەشتا سەردەمی مانیفاکتۆرە یە وبۆرژوازی قەومی پێویستی بە بازاڕ بە ساخ کردنەوەی کاڵاکانی .
ئەم لێکدانەوە ووشک و مردووە هیچ پەیوەندیەکی بە مارکسیزمە نیە چونکە هەڵومەرجی ئەمڕۆی سەرمایەداری هەڵومەرجی قۆناخی ئیمپریالیستیە کە دوا قۆناخی سەرمایەداریە . پەک هەنانی دە وڵەت تەنها لە پێناو بازاردا نیە بەڵکو دەکرێ دەوڵەت دروست کردن بە خەشتر کردن وئازاد بوونی خەڵکێک بێت کە گەورە ترین کۆشەی تووش هاتبە بە هەی بە دەوڵەتیەوە . خە ئەگە ر بە پە ی پێناسەی ئەم چەپە بێت بە دەوڵەت ئەوا نەدەبوو مارکس باسی دەوڵەتی پرۆلیتاریاشی کردبا. من باوەی تەواوم هەیە کە دەوڵەت خەی دەزگایە کە بە سەرکوت کردن چینێک لە چینێکی تر هەر دەبێت بپوکێتەوە بەڵام خە ئینسان هەر کۆشەی چیانیەتی نیە زۆر کۆشەی تریشی هەیە کە سەرمایەداری بەی دروست کردووە وەک کۆشەی پێناببەروراسیزم ئەگەزی وکۆشەی ژن وپیاوکۆشەی لاوان ومندەاان و کۆشەی میللی …هتد دەبێت ئەگات پە بێت بە چارەسەری ئەم کۆشانەش کە لە دەوڵەتدا چارەسەر دەکرێن . بەهەی دەخاڵەتی کۆمۆنیستەکان و تەرحکردنی ئەگا چارەکانیان لەم مەیدانەدا جگە لەوەی کۆشکان بە رادەیەک چارەسەر دەبن هەر لە ناو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لە هەمان کاتدا دەبنە هەی بە هەز کردنی ئەو میکانیزمەی کە بە شێشی سۆشیالیستی پێویستە واتە ئەکخستنی چینی کرێکار وتوێژە بۆشوراکان لە حیزب وئەکخراوەی خەیاندا کە بەبە ئەمەش سۆشیالیزم دەبێتە مەحال.

چەپێک کە ئەمە نابێنیت ئیتر ناکرێ بووترێ ئاشنایە بە مارکسیزم ،ئەمانە تەنها سۆشیالیزم دەبینن پە یان وایەهەموو شتێکی تر

زیادەیە وپەیوەندی بە مارکسەوە نیە . یەکە لەو بۆچوونانەی پیشانی دەدات کە ئەمانە دوورن لە مارکسەوە ئەوەیە هەر باس لەوە دەکەن تەنها دەبێت خەباتی چینایەتی بکرێ ئیتر ناوبن چۆن و بە چ شێوەیەک ئاخر مارکس بەم شێویە باسی خەباتی چینایەتی نەکردووە ئەو باسی لە حیزب کردووە وباسی لە هەڵگرتن کردووە کە ئەم چەپە هەر باسی ناکا ، یەکە تر ئەوەیە کە نازانن کە مارکس ئەوەندە : پرۆلیتاریا لە شۆڕشگێدا هەر خۆی ڕزگار ناکا بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا ڕزگار دەکا .دەخالەتی کەمانیستەکان لە شکاندنی بڕبڕستەکانی بڕدەم ئەم شەرشەوە دەست پی دەکات کە یەکەم لەو بڕبڕستانە کۆشەی میللیە کە کۆشەی ئەم کەمەگەیە . ئەم چەپە بە بازدان بە سەر ئەم بڕبڕستانەدا دەواو وبە خەیاڵی خۆی سۆشیالیزم دائەمەزرێنێ ئەم جگە لەوەی تەنها لە خەودا ڕاستە وهیچی تر لەو اقعدا پووچ و بە مانایە. بە هەموو ئەم دەڵیلانە ئەم چەپەی کە خۆی بە چەپی نوێ یاچەپی ترۆتسکیزم ئەناسێنێ ناتوانێ لە چەپێکی ئایدەاڵژی گەرا زیاتر بێت ،باسکانیان لە چوارچێوەی کتێبەکان دەرناچێت وناتوانن واقعیەت وهەاڵوەرجی مەژووی وکەمەگا جیاجیاکان بناسن وە ئەم ڕەخنەو وتانە وڵەمەیان لە کەمانیزمی کرێکاری لە بازنەیەکی داخراوادا هەر دەسوڕێتەوە نایەتە دەرەوە بە هیچ کوێ ناگات وجگەاڵ چەنەبازی (سفسطة)ناتوانی ناوێکی تری لە بنێ ی .

سەردار حەبدوڵا حەمە
١٠/٨/٢٠١٧

بەرژوازی گەورە هەڵکەنی خەیاڵتی سەردار عەبدوڵا حەمە

من ئەوەم لە مەعلومە کە ریفراندەمکەی پارتی وێکڕای وبارزانی ئەنجامی قەیرانێکە ڕووی تێکردوون و دەیانەوێ لەو قەیرانە بێنە دەرەوە و ڕزگاریان بێت بەاڵم دەسەاتی بەرژوازی دەسەاتێکە خودی قەیرانکانی دەبێنە هۆی لە ناو بردنی ، قەیران بە نیزامی سەرمایەداری وەک کوشندەترین نەخشیە تا لە ناوی نەبات واز ناهێنێ تا ئەوێندە ئەتوانێ بژی کە قەیرانکان بە سەر خەڵکدا

بشکێنیتەوە وبەرەو تا سەر ناتوانێ ئەمە بکا سەرەنجام قەیرانەکان دەبنە هۆی تەفروتونا کردنی . زەر جار بە رووبەرووبوونەوەی قەیرانەکانی ، بورژوازی دەست بە کارێک دەبات کە بە خەڵکی باشترە تا بە خۆی یەکە لەوانە ڕیفراندەم واتە گەلانەوە بە ڕای خەڵکی یان فراوان کردنی ئازادی سیاسی وبیرو ڕا کە خەڵک زیاتر ئەتوانن هەزو توانای خۆن بەبنە مەیدان بۆ داسەپاندنی خواستی زیاتر.

خواستی ڕیفراندەم پێش ئەوەی خواستی حزبێک یا بنەماڵەیەک بێت خواستی خەڵکی ستەم دیدەیە خواستکە وەک خواستکانی نەمانی بێکاری وگرانی وهەژاری وئازادی سیاسی و بیرورا و پێدانی مووچە،،هتد خواستکە وەک داوا کردنی ئاووکارەبا ،،هتد ، وا فەرز بکەین دەسەڵات چووە ژێر باری دابین کردنی کارەبا بۆ نمونە دەکرێ بەیم نامێنێ چونکە ئەو دەسەڵاتە دەیدا ،مەنتیق نیە چونکە خەڵک هەتا خواستکی زووتر بێتە دی هاوسەنگی ئەو لەمملانێکەیدا لەگەڵ دەسەڵات باشتر دەکات بۆ قازانجیەتی خۆلک ئەگەر کارەبای هەبێت ئیتر بیر لە باشتر کردنی شتی تری دەکاتەوە خەڵکی هەتا مووچەی هەبێ بیر لە شتی باشتر دەکاتەوە بۆ ڕیفراندەمیش هەروایە دەکرێ بڵێم ئەو دەسەڵاتە دەیکات کە نەفرەت لە کراوە لە لایەن خۆلکەوە مەنتیق نیە بڵیم نامێنێ ، ئەگەر ڕیفراندەم بکرێ خەڵک سەربەخۆی بێت ئیتر موشکیلەیکیان لە کەڵ دەبیتەوە ترسی ئەویان نامینێ جارێکی تر ئەنفال بکرێ وکیمیا باران بکرێ ورۆلەکانی ئیعدام بکری ترسی لەشکرکیشی حکومەتی مەرکەزیان نابێت ئەنجا ترسی ئەویان نامێنێ دەسەڵاتدارانی کوردیش بکەونە مفاوەزات و سات وسەودا بکەن بۆ مەسەلەی ستەمی میللیەوە . ئەو موشکیلەیە هەتا زووتر حەل ببێت باشترە .

وا دابنین بارزانی ڕیفراندەم بۆ سەربەخۆی ناوچەکو بۆ قازانجی خۆیەتی پەگەی خۆی پێ بۆ هەز دەکا واتە نیوەی خواستکەی خەڵکی بۆچە هیناوە کە سەربەخۆی خواستی خەڵکیە لەم ڕیفراندەمە خواستک ئەگەر نیوەشی بۆچە بێت باشترە لە سفر بەرام ئەوکات خۆلک دەتوانن بڕەکی بارزانی بگرن بۆ نیوەکەی تریش تا سەربەخۆیی بۆ سەردا فەرز دەکەن ئەم ململانێ ی نێوان خۆلک و دەسەڵات ڕا ناوەستێ بەردەوام درێژەی دەبێت . دیارە من پێم باشەڕیفراندەمی کوردستان بۆ هاوبەشی هەموو حیزبەکانی ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت واتە (لایەنەکانی دەسەڵات و لایەنەکانی ئۆپۆ زسیۆنیش) چونکە هەر شتێک ببێتە هۆی سەرنەخستنی ڕیفراندەم و ڕاپرسی لە زیانی خەڵک تەواو دەبێت ئەگەر لەو مەنتیقەوە چاو لە ڕیفراندەم بکەین کە گرفتکی

سەرکی خەڵکی کوردستان چارەسەر دەنێت و یەکە لە خواستە گرنگ ومێژوویەکانی ئەم خەڵکە جێ بە جێ دەکرێ ، بەیە پەم وایە هەردوو لای دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنیش ئەو مانتیقە نابینن بەیە گرفت لە بەردەمیا دروست دەکەن بە هەردوکیانەوە. .

خواستی رێفراندەم دوو سیفەتی باشی هەیە یەکەمیان ئەوەیە لە کاتی جیابونەوە کەمەک گرفتی خەڵکەکە ی چارەسەر دەکات وەک نەمانی هەرجارە ستەمکی میللی دوەمیان دەوڵەتی مەرکەزی لە ترسی جیابوونەوە مافی زیاتر دەدات بە خەڵکەکەی تا ئاستی مافی یەکسان لەگەل خەڵکەکەی بەن دەستی خەی کە ئەم وادەکا چەند جاریش ناسیونالیزمی نەتەوەی بن دەست داوای رێفراندەمیش بکات دەنگی پیویست نەهێنێ بە جیابونەوە، لە بەر ئەوەی خەڵکەکەی هەست بە دەرجێ دووی ناکا کە ئەمەش جارە حەڵکی باشە واتە پەکەوە ژیان بە یەکسانی بە سەرجەم هاوڵاتیان . کوبەک لە کەنەدا هەرەمکی فەرەنسی نشینێ حیزبکی ناسیونالیستی گەورەی هەیە هەر جارە ناجارە ئەم حیزبە داوای رێفراندەم ئەکا بە جیا بوونەوە بەڵام دەنگی پێویست ناهێنێ چونکە حکومەتی کەنەدا بە یەک چاو سەیری خەڵکی ئەم هەرەمە دەکا لە هەموو بارێکەوە مافی یەکسانی یان هەیە لە گەڵ سەرجەم خەڵکی هەرەمەکانی تری کەنەدا کەوایە ستەمکی نابینرێ ئیتر خەڵکەکەی بە جیابونەوەی بوە ؟. جا لەردا ئەمەوە ئەوە بەیم جیابوونەوە زەر جار باش نیە بەڵام دەکرێ بە هەی ئەم فشارەوە دەوڵەتی مەرکەزی مافی زیاتر بدات وئەوکاتە جیابونەوەکە هوونادات . بەڵام بە عەراق کە بە وولاتیکی عەرەبی خەی ناساندووە سەد ساڵە نەیتوانیوە خواستی خەڵکی کوردستان جێ بە جێ بکات کە مافی یەکسان بوونیانە لە گەل سەرجەم هاوڵاتیانیدا جیابوونەوە باشترە لەی واتە گرفتی خەڵکی کوردستان بە دەوڵەتی سەربەخۆ چارەسەر دەنیت.

یەکی تر لە باشیەکانی رێفراندەم ئەوەیە ئەگەر خەڵک رەئی بدات بە جیا بووبنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ بەڵێ لە ژەر پەی ناسیونالیزمیش دەر ئەکەشرێ ئیتر بە جواب بەنارەزایەتیەکانی خەڵک ناڵێت خەتای دەوڵەتی مەرکەزیە خەڵکی ئاستەوخۆ یەخەی خەیان دەگەرن بە داخوازیەکانیان ، ئەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک بە هەڵز بێت ویەکگرتوو بێت زەر ئاسانتر دەتوانێ ئەو دەسەلاتە خەجێ یەی بورژوازی لا بدەن و دەسەڵاتی خەیان دامەزرێنن ، هەموو ١٧ شوبات و نارەزایەتیەکانی تری کوردستانمان لە بیرێ کە چەندە بە هەڵز بوو هیچی کەمتر نەبوو لەو ناڕەزاتیانەی لە میسروتونس ولیبیا ویەمەن کرا کە بووە هەی لە ناوبردنی دەسەلاتەکانیان کە لە کوردستانیش بە

ووخانی ئەم دەسەلاتە خەلکی هاتنە سەر جادە بەلام خەلک نەیدەزانی بلی کە بروخە شتێک بە ناوی حکومەتەوە نەبوو وەک ئەو دەوڵەتانەی تر ، بۆیە ئەوە هەیکی سەرنکەوتنی ئەو ئاپرینانەی خەڵکی کوردستان بوو.
کە دەولەتی سەربەخۆی کوردستان دامەزرێ و خەڵکی کرێکار وزەحمەتکیش دەتوانن بە هەزی یەکگرتوویی خۆیان وبە ئیرادەی خۆیان دەسەلاتی خۆیان بسەپێنن بە سەر بورژوازیدا نەک تەنها دەوڵەتێکی سکەلار بەڵکو سۆشیالیزمیش دامەزرێنن بۆیە ریفراندەم ودەوڵەتی سەربەخۆ لە قازنجی ئەم چینەیە . بۆرژوازی کوردی بەم هەنگاوەی دەتوانێ ئەم چینە نزیک بکاتەوە لەم ئامانجەی ،راستە دە ڵین "بۆرژوازی گەورە هەلکەنی خۆیەتی" لەم مەنتیقەوە پشتگیری ریفراندەم دەکەم.

سەردار عەبدوڵا حەمە
٢جولای ٢٠١٧

لە یادی مەرگی مارکس دا … سەردار عەبدوڵا حەمە

کات دوو وپێنج خولەکی دوانیوەڕۆی ١٤ ی مارسی ١٨٨٣ مارکس لە سەر کورسیەکەی خۆی زەر بە ئارامی سەری نایەوە دوا ترپەی لەدانی دڵی لە لەدان کەوت ، وەک ئەنگلس ووتی: "مرۆڤایەتی تەنها سەرکەی ئاسایی نەو سەرانی لە دەست نەدا بەڵکو گەورەترین سەری ناو هەموو سەرکانی سەردەمی ئەمەی لە دەست دا " .
تەرمەکەی مارکس لە ناو هەمان گۆڕی" جینی" هاوسەرو خۆشەویستی لە لەندەن لە ١٧ ی مارس دا نێژرا ، ئەو هاوسەرەی کە مارکس عەشقێکی بە پایانی بۆی هەبوو وە ٢ ساڵ پێش خۆی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی سپارد .

مارکس کە لە خێزانێکی ئایین پەروەری جولەکە لە دایک بووبوو بەڵام هەر زوو لە تەمەنی لاوێتیدا لە ناو خورافاتی دینی وکلتوری کۆنەپەرستانەی خێزانەکەی خۆی ڕزگار کرد . مارکس هەموو ساتەکانی

ژیانی بە زیندانی کردن وبە نەفی کردن و دەربەدەری و هەژاری و برسیەتی بەسەر برد وە ژیانی خۆی بە خەباتێکی بێواو مرۆڤ دۆستانە تەرخان کرد ، لە کاتێکا دکتەرای هەبوو دەیتوانی بە مامۆستای زانکۆ دابمەزرێ بە ڕام نەیکرد ، تا توانی میتۆد وڕێگای ڕزگاری بۆشخوارووانی ناو کۆمەڵگای چەوسێنراوەی سەرمایەداری وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی بە سەلماندن بگەیەنێ و ئیرادەی زەوت کراوی مرۆڤ بە خۆی بگەڕێتەوە کە یەکسانی و ئازادیە . هەروەک خۆی باسی دەکا دونیا هەر نابێت تەفسیر بکرێ بەڵکو دەبێ بیگۆڕێی ئەمە جیاوازی سەرەکی مارکس بوو لە گەڵ زانایان و فەیلەسوفەکانی پێش خۆی .

ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیەکانی ئەڵمانی و ڕەخنە لە سۆشیالیستە یوتۆپیەکانی فەرەنسا وڕەخنە لە ئابوریە ناسەکانی بەریتانیا بوون بە بەردی بناخەی ئەم زانستەی مارکس کە لەم بوارەدا توانی لێکدانەوەیەکی تەندروستی ماتریالیستی دیالکتیکی بە سروشت و ماتریالزمی مێژووی بە کۆمەڵگا بەرهەم بێنێ ، ئەوەی نیشان دا سەرچاوەو هەکاری گرینی مێژوو بە هەی ناکوکیە چینایەتیاکانەوە بووە .وە نیشانی دا شۆڕشی پرۆلیتاریا تەنها ڕێگایە بە نەمانی ناعەدالەتی لە سەردەمی سەرمایەداریدا.
بەڵام ئەم شۆڕشە حەتمی نیە هەروەک هەندێک ڕۆشنبیری ووردەبەرژاوزی لای خۆمان پووچەڵی لێکدانەوەکانی مارکس بەوە نیشان دەدەن (کە گوایا مارکس وتوویەتی ئەم شۆڕشە حەتمیە بەڵام لە جیهانیشدا ڕووی نەدا بۆیە مارکسیزم تەنها ئایدیۆلۆژیایە ولە سەر ئەرزی واقیع جێ بەجێ ناکرێ) بەڵام کاکی ڕۆشنبیر ئەوەی لە بیر چووە کە بۆشی سەرەکی ئایدیاکەی مارکس " پراکتیک" ە هەروەک لە پێشەوە باسم کرد مارکس خۆی ڕەخنەی لەو دیدگایانە دەگرت کە تەنها ڕەخنە لە واقع دەگرن بەڵام نایانەوێ بیگۆڕن تەنها تەفسیر کردنی واقیع گرنگ نیە گرنگ گۆڕینیەتی ، بۆیە ئەگەر پراکتیکی کۆمۆنیستی لە ئاردا نەبێ چەندە چەوساندەوەش ڕووی لە سەر بێت شۆڕش حەتمی نیە .

یا هەندێک لەو ڕۆشنبیرانە بەروارەی مارکسیزم دەکەن بە ئایین کە لە کاتێکا مارکسیزم بە خۆی زانستە لە سەر بنەمای ناکۆکیە چینایەتیەکان دامەزارەو . ئەو کاتەی زانستی ئەلیکترۆنی و زانستی گەشەوگۆڕانی مرۆڤکەی داروین لای مرۆڤایەتی وەک زانست دانیان پیا نرا زیاتر ڕاست وڕەوانی وهەقانیەتی زانستەکەی مارکسیان سەلماند ، بەڵام دینەکان پێچەوانەی زانستن و هەموو شتێک بە ڕەها دەزانن دەسکاری کردنی ووتەکانی خوا و پێغەمبەرەکان بە کوفر دەزانن ئەوەی ڕەخنە لە کتێبە سەماویەکان بگرێ یا ئیزافە بکا بەناورەکەیان

ئەو کافر ومونافقە ، بەنام زانستی مارکسیزم تەواو پێچەوانەیە ، دەکرێ بەخنەی لێ بگری وبەی ئیزافە بکەی چونکە خودی مارکسیش واکردووە وە دوای مارکسیش ئابڕانی تر هەر وایان کردووە بە نموونە : کاتێ مارکس ووتی مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان مێژووی ناکۆکی چینەکانە بەڵام ئەنگڵس هات ووتی جگە لە (کۆمەڵگای کۆمۆنای سەرەتایی) وە هەروەها لینین هات باسی لەوە کرد سەرمایەداری لەدوا قۆناخیدایە کە ئیمپریالیزمە و مارکس باسی نەکردبوو ..هتد.

دەتوانین بڵێین مارکس تەنها بیرمەندێکی گەورە نەبوو بەڵکو شۆڕشگێڕێکی گەورەش بوو، لەبەرئەوە پێم باش بوو ووتەکەی ئەنگڵس لە کاتی ناشتنی تەرمەکەی مارکسدا لە گۆڕستانی هایگەیت بە نموونە بهێنمەوە کە باس لەو داهێنانە زانستیە مەزنەی مارکس دەکا وە ئاماژە بە دوو شتی گرنگ دەکات کە هیچ کەس پێش خۆی ئەو باسەی نەکردووە ئەویش یاسای گەشەی(تطور) مێژووی مرۆڤ و تیۆری زێدە بەها(فائض القیمة) بووە . وە باسی لەوەش کرد کە مارکس تەنها زانا وبیرمەندێکی گەورە نەبووە بەڵکو شۆڕشگێڕیش بووە لە دوا قسەیدا ووتی " ناوی مارکس و وە نەمری مەسەلەکەی بە سەدەکانی دوای خۆی هەر دەمێنێتەوە ".

وە هەتا سەردەمی ئەمڕۆش ئەم ناکۆکیە چینایەتیانە کە مارکس باسی کردووە، وە سەرچاوە وهۆکاری ئەم بارودۆخە خراپەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دووچاری بووە ، بۆیە زەمینە هەیە بۆ گەڕینەی ئەم بارودۆخەو ئەم قۆناخە مێژوویەش کە ململانێ ی چیانەتی وناکۆکیەکان گەیشتوەتە ئەوپەڕی کە بە هەی شۆڕشکی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستیەوە دەکرێ ئەم دونیا پێچەوانەیە بگەڕێنرێ هەر بەم میتۆدو ڕێبازەی مارکس دەکرێ شۆرشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆتایی بە هەموو مەینەتیەکانی ناو کۆمەڵگاکانی سەر ئەم گۆی زەویە بهێنێ.

سەردار عەبدوڵا حەمە
١٣ی مارسی ٢٠١٧

تاوانێکی باس نەکراو! ... سەردار عەبدوڵا حەمە

چۆنیەتی تێهەڵکردنی مامۆستا کەریم عەبدوڵا ناسراو بە(کەریم شۆعبی)

مامۆستا کەریم لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٩ لە شارۆچکەی بیارە . پاش تەواو کردنی قۆناخی سەرەتایی وناوەندی لە بیارە دەچێتە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر پاشان دەگەڕێتەوە ناوچەی هەورامان لەوێ دەبێتە مامۆستا لە گوندی "سەرگەت" لە بناری خەرماڵ. کەریم هەر لە منداڵیەوە دەستی داوەتە کار بە بژێوی ژیانی وتەواو کردنی خوێندن .
لەمنداڵیەوە لە ناو خزم وکەسو کارێکی شوعیدا گەورە بووە ، خاڵی کە ناوی حاجی ئەحمەدی مەلاک بوو خۆی و وکوڵەکانی و براگەورەکەی خۆی(کاکە خان) شوعی بوون کاریگەریان هەبوو لەسەر ئەو ، بۆیە کەریم پەیوەندی دەکا بە ڕێزەکانی حیزبی شوعی عێراقەوە ، هەر لەبەرئەوەی کە سەکی چالاک و ڕاستگۆ و باوەڕ بە خۆ بوو بۆیە دەبێتە جێگای متمانەی هاوڕێکانی لە بەشی ناوخۆیی وە خزمەکی کرێکار و جوتیارو زەحمەتکێش .

مامۆستا کەریم لە جیابوونەوەکەی حیزبی شوعیدا کە بووە دوو باڵەوە (لیژنە مەرکەزی)و(قیادە مەرکەزی)ئەو دەچێتە ناو باڵی قیادە مەرکەزیەوە کە زیاتر باوەڕیان بە سۆڤیەت وەک بلۆکی سۆشیالیستی نەماو باوەڕیان بە ماوتسی تۆنگ هەبوو . ئەو بووە یەکێ لە سەرکردەکانی ئەو باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەگەر هەڵە نەبم ئەو یەکە بوو لە ئەندامانی ناوەندی ئەو باڵە ی حیزبی شوعی.

م .کەریم لە لای کرێکاران و جوتیارانی ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە ناو بانگ پەیدا دەکا ودەبێتە کەسێکی خۆشەویستی ئەوان و ناوبانگی(کەریم شۆعبی) لە دەنگ هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ڕق و قینەی بەرپرسەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرانبەر ئەو لەو ناوچەیەدا تا لە ١٩٦٩/١٢/٣١تیەڕ دەکرێ . ووداوەکەش لە کاتێکا بوو کە شۆڕشی جەلالی و مەلایی لە گەرمەیدا بوو. ئەو و هێزەی م. کەریم تیرۆردەکرێ خەریکی گواستنەوەی کۆپاڵی قوتابخانەکەی دەبێت لەگوندی (سەرگەت)ەوە بۆ گوندێکی تری هەورامان لە گەڵ مامۆستایەکی تر لە پشتەوەی لەریەکەدا دەبن ، کەمێک چەکداری جامانە لە سەر و

پوزەوانە لە پێ دەنێ پێش لەریکەو گولە بارانی دەکەن لەو کاتەدا کەریم دەپکرێ و بریندار دەبێ وهاورێ مامەستاکەشی پاش دوورکەوتنەوەی چەکدارەکان هاتن و (نازانم شۆفێری لەریکە چی لێ دێت) بەهەی نەگەیاندنی م. کەریم بۆ خەستەخانەی ومانەوەی لە ناو لەریکدا بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک بۆ هاتن خوێن بڕبوونکی زۆرەوە گیانی لە دەست دەدات. تەرمەکەی کەریم دەهێنەوە بۆ هەولێر ، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی دەبێ کاتی نوێژی هەینی بوو ، لە مزگەوتی پاشا نوێژی جومعە گەلەرا بۆ پرسەی کەریم ،بۆ هەزاران کەس بەشداری لە پرسەکەی ولە ناشتنەکەیدا دا کرد ئەگەر چی کەریم شوعی بوو بەڵام خەڵکەویستی هەمووان بوو بۆ شوعی وغەیرە شوعیەوە .

من ئەو کاتە منداڵ بووم لەگەڵگای بیارەوە لەگەڵ دایکم بۆ پیادە دەگەڵاینەوە بۆ هەولێر بەجێ پیاوەک لە ڕێگادا هاواڵەکەی پێدا ین من ڕاستەوخۆ دەستم کرد بە گریان ، کەریم ئەگەر چی کوڕی دایکم نەبوو بەڵام برای من بوو لە باوکەوە واتە یەک باوکمان هەبوو(عەبدوڵا یا عەدە نەدشی) ، لە هەمان کاتدا دایکم وەک بە کوڕی خۆی بەم هەواڵە زۆر دەتەنگ بوو.
م. کەریم لە دوای خۆی دوو کوڕی منداڵی٣ ساڵەو ١ ساڵە بە ناوی سیروان و سامان و هاوسەرەکەی(مەهدیە) بە گەنجی بە جێ هێشت ئەویش ژیانی خۆی کردە قوربانی گەورە کردنی منداڵەکانی . بە داخەوە بە هەی ئەم کارەساتە وە کە هەربە منداڵی هەتیو کرا لە گەورەیدا ئەم بارودۆخە کاری لە سیروان کرد و باری دەروونی تەک چووە ئەستا.
ئەوەی کە کەریمی تیرۆر کرد ؟ لەو کاتەدا دوولایەنی جەلالی و مەلایی یەکتریان تەواتبار دەکرد هەریەک دەیگووت ئەوتریان بووە . بەڵام ئەگەر هەرکامیان بووە ! مامەستا کەریم بە دەستی یەکە لەو دوو لایەنە تیرۆر کراوە کە ئەستا هەردووکیان دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانن. کەریم شەعبی یەکەم کاری تیرۆر و دوا کاری تیرۆری ئابڕانی ئەو حیزبانە نەبووە پێش ئەویش ئەو کارەیان کردووە تا بەدوای ئەویشدا لە تیرۆرو قەتل وعامی شوعیەکان و چەپەکان و کەمەنیستەکان و ڕۆژنامە نوسان و نەیارانی خۆیان درێغیان نەکردووە تا بە ئەمەش بڕدوامن لە سەر ئەم تاوانەیان .

سەردار عەبدوڵاحەمە
٢٠١٧/٢/٢٠

پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردوو یا ترسی لە کۆمۆنیزم بوو! … سەردار عەبدوڵا حەمە

زۆر گوو بەستی ئەم فەرمایشتە دەبین لە لایەن گەلانوو (پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردوو)، بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوو ناکرێ ئەوو کۆمۆنیزم بێت کە سەرکەی پەرلەمانەکەی گەلان وچوار وەزیرەکەی لە لایەن پارتیەوو ڕەوانەی ماڵەوو کرانەوو .
کۆمۆنیزم کاتێ ئەنجام دەدرێ کە هێزێکی سەربازی لە پەنای دەسەڵاتدا بێ پلانێکی تەوقیت کراو هەڵش دەکاتە سەر بنکە سەرکیەکانی دەوڵەت لەوانە ئیزگەو تەلەفزیۆن وبنکەی سەرەک وسەرەک وەزیران ودەزگای هەواڵ گری…هتد . سەرجەم کۆمۆنیستاکان لە عێراق و ووڵاتانی عەرەبی و هەموو ئەو ووڵاتانەی بە جیهانی سێیەم ناسراون بەم جۆرە ڕوویان داوە .

بەڵام پارتی خۆی لە دەسەڵاتدایە و هێزی یەکەمە لەو دەسەڵاتدا هەموو جومگە سەرەکی و سەربازیەکان لە بن دەست خۆیدایە دەبێ لە دژی کام دەسەڵات کۆمۆنیستی کردبێ ؟ئەی کوایە پارتی چی کردووە ئۆگەر کۆمۆنیستی نەکردووە ؟
خەسڵەتی ئەحزابی بورژوایی وە لە نەویاندا ئەحزابی نەتەوەیی “دوو ڕوویە” لەم کردەوە یەدا پارتی لە دژی گەلان ڕوویەکەی تری خۆی نیشانداوە کە دیکتاتۆرێ ، چونکە ڕوویەکی تریشی هەیە کە دیموکراسیە هەندە جار ئەم ڕووی خۆی نیشان دەدات بە پێی پێویست .(هەردوو ڕووش وەک هەردوو دیوی پارێ)
بە گشتی ئەحزابی نەتەوەیی لە کاتی بە هێزیدا پڕپاگەندە بە دیموکراتی ومافی مرۆڤ و ئازادی دەکەن وە تەنانەت هەندە بەرگی مارکسی یا ئیسلامیش لە خۆیان دەپێچن بە پێی کات و سەردەم کامیان پێویست بێت دەبێتە ئەوەیان. پارتی لە کۆنگرەی ۹دا لە لە بەندی 5ی پڕۆگرامەکەیدا دەیووت ” پارتیمان لە بەر ڕۆشنایی تیۆری مارکسی_لینینی و خەباتی گەلان وتراثی فیکری بارزانی خەبات دەکا” ئەمە بە ئەو سەردەمە بوو کە چەپ ومارکسیەت باوی بوو بەڵام دواتر ئەم بەندی هەڵگرت ، یەکێتی نیشتمانیش هەروای کرد سەردەمێک خۆی بە

مارکسی ناساند دواتر وازی لێ هێنا ، سەرکردەی ئەم بزووتنەوەی ناو یەکێتی نەوشیراون و مام جەلال بوون ئەستا نەوشیروان باس لەوە دەکات کە حکومەت دەبێ خاوەن دەستورێک بێت کە سەوابتە ئیسلامیەکان فەرامۆش نەکا ، وە مام جەلالیش دەچێت بە عومرە، حیزبی بەعسیش هەر ئەم کارەی کردو لەسەرەتادا خۆی بە چەپ ناساندو دواتر بووە حیزبێکی ئیمانی و اللە اکبری خستە ناو ئالای عێراقەوە.

حیزبە نوێنەرایەتیکان لە زۆر لای تریشەوە نیشانیان داوە کە دوو ڕوون، کاتێ باس لە ئازادی دەکەن کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێ کاتێکیش دەسەڵاتیان گرت دەبنە گەورەترین دوژمنی ئازادی.با لە حیزبی بەعسەوە دەست پێ بکەین پێش ئەوەی دەسەڵاتیان هەبێت بەرەیان لە گەڵ حیزبی شوعی وچەند حیزبێکی تر پێک هێنا بەیەنی ئێتێنامیان بە خەڵکی کوردستان داو تا گەیشتنە دەسەڵات وە کاتی گەیشتنە دەسەڵات حیزبی شوعی کردە شەریکی خۆی تا جێگای خۆی قایيم کرد و هەندێ کاری پێ کرد وەک ئەوەی لە دژی جوڵانەوەی مەلامستەفا بە کاری هێنان پێکەوە لەم جوڵانەیان دا لە ئێتێنامیش پێشیمان بوویەوە ،پاشان بەعس هەستی کرد حیزبی شوعی خەریکە دەچنە ناو جومگە سەربازیکانەوە ترسا لەوەی حیزبی شوعی کودەتای بە سەردا بکات ئەنجا ووە دیکتاتۆریەکەی لە دژی ئەم حیزبە بە کار هێناو دەستی دایە گرتن و پێلاماردانی ئەم حیزبە لە کۆتایی حەفتاکاندا وە هیچ کەسێکی شوعی لە دەسەڵاتکەیدا نە هێشت.

ئەوەی بە سەر گەیاندا هات لە لایەن پارتیەوە لەم جارە ئەلگەیە بوو ، کاتێ پارتی پێویستی بە گیان بوو کە دەسەڵاتکەی کوتبووە بەر ناڕەزایەتیکی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان لە چەندین شارو شارۆچکە ئاپڕین و خێپشاندان کرا و پارتی کوتبووە بەر نەفرەتی کەمانی خەڵک ، ترسی ئەوە ی هەبوو دەسەڵاتکەی لە دەست بدات بۆیە پارتی خۆی کردە دیموکرات خواز و بانگەشی گیان و یەکێتی و دو و حیزبە ئیسلامیەکەی کرد ووتی بادەسەڵات بێش بکەین و حکومەتی بنکە فروان دروست بکەین وە کردنی بە شەریکە دەسەڵات هەرچەند پارتی حیزبی براوەش بوو لە هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی پەرلەماندا بەڵام دەسەڵاتی لە گەڵ ئەوانی تر بەش کرد تا بەکو لەم ڕگەوە بتوانێ ئەو دەنگی ناڕەزایەتیەی خەڵک کپ بکا کە گیان سواری سەری بووبوو وە خەشی بە هەز بکاتەوە لە بەرانبەر نارەزایەتیکاندا .
کاتێ پارتی هەستی کرد دەسەڵاتکەی لە لایەن گیانەوە خەریکە لە دەست دەدات بۆ تایبەتی گیان دەستی برد بە پیرۆزیکانی پارتی وەک لابردنی سەرکی هەرەم ، ئیتر پارتی ووە دیکتاتۆریکی خۆی

نیشاندا، تا خاڵی سوور ئەو دیموکرات خواز بوو ،پاش خاڵی سوور کە دەست بردنە بە دەستات و بە وڵانانی سەرکی هەرەم کە بارزانی بوو ئیتر جێی قبوڵ نەبوو بە یە پارتی دیموکراتیەکەی لە خۆی کردووە ، ئیتر بە دوای ئەودا ڕۆگەی لە سەرک پارلەمانەکەی گەیان گرت کە بچێتە هەولێرەوە وە وەزیرەکانی گەیانی دەرکرد و هەسوواوکانی و میدیاکارانی کەوتنە بەر پەلاماری پارتی بە دەردەکەی حیزبی شوعی بران.

بەیە ناکرێ بەم دووحاڵەتە بووترێ کودەتا چونکە چ بەعس و چ پارتی خەیان لە ئەوپەڕی دەستاتدا بوون ،. دەکرێ بووترێ لە ترسی کودەتا هەردوولایان ئەم کارەیان کردبێ نەک خەیان کودەتایان کردبێ.چ حیزبی شوعی لە سەردەمی بەعسدا وچ گەیان گوێ رایەڵی باشی حیزبی دەستاتدار نەبوون بەیە ئەوەیان بەرانبەر کرا ، دەنا ئۆگەر حیزبی شوعی وەکو عوبیدەها بارزانی وپارتی شەرشگەرانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی کارتێنی بوایە ئاوای بە سەر نەدەهات یا گەیان ئۆگەر وەک یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتوو وکەمە وحیزبی زەحمەتکەشان و سوشیالیت وتورکمانی و ئاشوریەکانی ، گوێ رایەڵ بوایە ئاوای لێ بە سەر نەدەهات ، چونکە حیزبێ ناسیونالیستەکان لە جیهانروتی دەستاتدا تەنها حیزبی کارتێنی و گوێ ڕایەڵیان دەوێ.
بنەمای هەموو ئەم کەشانە مەسەلەی ئابوریە و چونکە ئۆگەر حیزبی شوعی کاتی خۆی دەستاتی لە بەعس بساندایە ئەی جێن ئەو هەموو سامانە دەکەوتە بن دەستی سەدام وبنەماڵەکەی بە گەران و پارتیش هەروایە واتە دوو هێوی ئەحزابی بورژوایی لە بەر بەرژوەندیە ئابوریەکانی خەیان و چینەکەیانە و هیچی تر نەک لە بە ر بەرژوەندی خەڵک.

سەردار عەبدوڵا حەمە
٨/٢/٢٠١٧

سزای لە سێدارەدان (ئیعدام)

نوسینی :کارل مارکس

وەرگێرانی : سەردار عەبدوڵا حەمە

ئەم ووتارەی خوارەوە لە لایەن کارل مارکس ەو لە ١٨٥٣/١/٢٨نوسراوە لە ١٧ و ١٨ ی مانگی شوباتدا لە "ڕۆژنامەی نیویورک دەیلی تریبوون " چاپ کراوە.

سزای لە سێدارەدان

ڕۆژنامەی "تایمز" لە ٢٥ /١ دا لە بارەی لە سێدارەدانی کەسکاندا چەند تێبینیەکی داوە :
"زۆرترین قسە لە ئەستادا لە سەرسێدارەدانە لە م وڵاتەی ئەمەدا بە شێوەکی گشتی بەناو شاهیدی ئەوەین سێدارەدان بە ڕەگای هەواسین بە داردا ، خەکوشتن ، یا مردنی ڕەکەوتی ، درێژەی هەیە و بەردەوامە ، ئەنجامی ئەوەی تاوانبارێکی ناسراو کە لە سێدارە دەدرێ کاریگەری دەخاتە سەر کەسانێک کەنەخشی دەروونیان هەیە ، یا کەسانە کە عەقلیان نوقسانە "
لە م ووەوە ئەم ڕۆژنامەیە چەند نموونەیەک باس دەکا یەکە لەوانە باسی شتێک دەکا لە "شیفیلد" لە گەڵ شتەکانی دەوروبەری خەی باسی لە سێدارەدانی کەسکی پیری کردووە بە ناوی "باربور"ی کە ئەو خەی هەواسیوە بە داردا .وە ئەم ڕۆژنامەیە نموونەیەکی تر باس دەکا کە مەرد منداڵیکی ١٤ ساە خەی لە سێدارە داوە.
لە واقعدا باس کردنی ئەم نمونانە لە لایەن ئەم ڕۆژنامەیەوە بەم شێوەیە لە خزمەتی ئەو بەیارەیە کە خەی داویەتی بەناو جە باوەی هیچ کەسکی هەشیار نابە ،ئەمانە لە ووی ئسوێیەوە هیچ شتێک نین جگە لە ستایش کردن و وەسفی جەلادەکان و قایل بوونی ڕاستەوخەی ئەوانە بە جەگای خودا لەم نووەدا . لەڕەدا سزای سێدارەدان " بە دوا چارەسەری کەمەگا دائەنێت". ئەم ڕۆژنامەیەی کە خەی بە لە "سەرووی ڕۆژنامەکان" ناو دەبات پیرەز کردنی ئەم سزایە بە ئەرکی خەی دەزانە ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە ووتارەکەیدا بەیانی کردووە .

ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی " مەرنینگ ئەدڤایستەر" کە ڕەخنە لە "تایمز" دەگرێ لە بواری لە سێدارەداندا وە تایمز بە لایەنگری لە سێدارەدان ناو دەبات ئامارەکی سەرنج ڕاکیشی داوە لە سەر لە

سەدارەدان لە ماوەی ٤٣ ڕۆژدا لە ساڵی ١٨٤٩دا کە بەم شێوەیە :

ناو و بەرواری لە سەدارە دراوەکان:

میلان ٢٠ی مارس
پولی ٢٠ی مارس
سمێث ٢٧ ی مارس
هەو ٣١ ی مارس
لندیک ٩ ی نیسان
جەی . گریفیت ١٨ ی نیسان
جەی. راس ٢١نیسان
سارا تامس ١٣ نیسان

کوشتن وخە کوژی :

هانا ساندلس ٢٢ ی مارس
ا.م.ج نیوتن ٢٢ی مارس
ج.ک کلیسون ٢٧ ی مارس (٤دەسیەی کوشتن لە لەڤەرپول)
کوشتن خە کوژی لە لیسستر ٢ی نیسان ،کوشتن بە هەی ژەهراوی بوون لە گەرماو(حەمام) ٧ی مارس .
دەبل یە بیلی ٨ی مارس
ج.ج. وارد دایکی خەی کوشتوە ١٣ نیسان
باردلی١٤ ی نیسان
پاکسی باوک ودایکی خەی کوشتوە ١٤ی نیسان
جی بیلی ٢ کوری خەی کوشتوە١٧ نیسان
جارلزئورتن ١٨ ی نیسان
دنیل هولمزدن ٢ی ئایا

بەم شێوە یە" تایمز "یش کە خەشی ەای لە سەرە . ئەم خشتەیە ئەوە نیشان ئەدا نەک تەنها خە کوشتنەکان بەکو ئەوانی تریش لە جەری وەحشیانە ترینی کوشتنەکانن بە تایبەتی لە سەدارەدانی تاوانباران ،جە ی سەرسورمانە کە ئەو ووتارە ی تایمز جگە لەوەی کە دەیەوە تیەریەکی وەحشیانە بە ئەمە داەژی هیچ بەگەیەکی سادە نادا بە دەستەوە بە بە مەدەنی بونی ئەم کەمەگا یە ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانە هیچ بنەمایەک بە ئەو عەدالەتە دابنە کە خەی بانگەوازی بە دەکا لەم ڕەگاوە واتە لە ڕەگای لە سەدارەدانەوە . سزاکان بەوە پێناسە کراون کە بە ترساندن و چاکسازی کەسانی تر . بەڵام تە ئەو مافەچەن بە خەت دەدەی کە بە ترساند ن و چاککردنی کەسانی تر من

تەمە بکەی. مژوو نیشانی داوە بە پێی باشترینی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدایە ئەو سەلمێنراوە لە سەردەمی "قابیل"ەوە تا ئێستا دونیا لە ڕێگای سزادانەوە نە ترسێنراوە و نە چاکیش بووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە.

لە گۆشە نیگای " تاکی دابڕێنراو"ەوە یەک تیئۆری سزادان هەیە ئەویش تیئوریەکەی "کانت"ە کە مافی تاک دادەبڕێ لە کۆمەڵگا وە زۆر گرنگی پێ دەدا ، ئەویش فۆرمووبەندیەکەی لە هیگڵەوە وەرگرتوە ، هەگڵ دەڵێت :" سزادان مافی تاوانبارە ، ئەم کاردانەویە لە ئیرادەی خودی تاوانبارەکەوە هاتووە. تاوانبار بە پێشێل کردنی ماف ئەو مافە بە خۆی دەدات . تاوانەکەی ئەو نەفی کردنەوەی مافە ، سزادانیش نەفی کردنەوەی ئەو نەفیەی ئەوە، وە پشتیوانی کردنی تاوانبار لە مافەکە کە خۆی بەیاری لە سەر داوە وە بە سەر یدا سەپێنراوە"(هیگل – فەلسەفەی هەق).
